# گۆران

# داهێنان و نوێخوازی

## لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆژی

پ.ی.د.دڵشاد عەلی/ کولێژی زمان / زانکۆی سلێمانی

تا ئێستا کۆمەڵێکی بەرچاو لە لێکۆڵەران ڕوویان لە جیهانە شیعرییەکەی (گۆران)ی شاعیر کردووەو کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی چاك و وردیان دەربارەی لایەنە جیاجیاکانی تاقیکرنەوەی شیعری (گۆران ) خستووەتە بەردەست ، لەگەڵ ئەوەشدا بەرفراوانی و دەوڵەمەندی جیهانە شیعرییەکەی بوار بە گەلێ لێکۆڵینەوەی تر دەدەن و دەتوانێ بەردەوام لێکۆڵەر بەرەو خۆی ڕاکێشێ و بەرەو ئەو سووچ و ڕەهەندانەیان بەرێت کە هێشتا بە شاراوەیی ماونەتەوە یاخود وردو زانستانە ڕۆشن نەکراونەتەوە ، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی کە پەیوەندییان بە خودی (گۆران) خۆیەوەیە وەك کەس و وەك داهێنەرو بۆخۆیان نەك هەر ڕەهەندێکی گرنگی جیهانە شیعرییەکەی (گۆران)نن بەڵکو تەوەری سەرەکی تاقیکردنەوە شیعرییەکانیشیەتی و دەکرێ بە لێکۆڵینەوە لێیان گەلێ ڕاستی نوێ دەربارەی ئەو دەنگە شیعرییەی ئەدەبی کوردی بخرێنە بەر دەست کە بۆچەند نەوەیەکی ئەدەبی سەرچاوەیەکی شیعریی ڕەسەن بووە٠

هەرلێرەوە ئەم لێکۆڵینەوەیەمان ڕوو لە خودی(گۆران)خۆی وەك کەسێکی داهێنەرو شاعیرێکی نوێخواز دەکات وبەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێ کە دەربارەی سەرچاوەی بلیمەتیەکەی و هەوێنی داهێنانە شیعرییەکەی وخواستی نوێخوازییەکەی دەیانورووژێنین ، بۆ بەدی هێنانی ئەو مەبەستەش بەشێوەیەکی زانستانە ڕێبازیکی سایکۆلۆژیمان گرتووەتە بەر بەو پێیەی لەلایەك تا ئێستا کاری وا لەم بوارەدا بەدی نەهێنراوەو لەلایەکی ترەوە لەگەڵ ئامانجی لێکۆڵینەوەکەماندا دەگونجێ٠

بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێ ئەنجامی نوێ و زانستانەش لێکۆڵینەوەکەمان رووەو سێ تەوەری سەرەکی کردۆتەوە کەلەم بەشانەدا لێیان دەکۆڵینەوە :

بەشی یەکەم: چەمکی داهێنان: لەم بەشەدا لە ڕوانگەیەکی سایکۆلۆژییەوە لە پرۆسەی داهێنان و

سەرچاوەی داهێنان دەروانین و ئەو تێروانینانەی تیا گەڵاڵە دەکەین کە دەبنە زەمینەیەکی زانستی بۆ هەنگاو نان بەرەو دوو تەوەرەکەی تری لێکۆڵینەوەکەمان .

بەشی دووەم: (گۆران)ی داهێنەر : لەم بەشەدا و بە پێی ئەوچەمکەی داهێنان کە لە بەشی یەکەمدا دەیخەینە بەردەست، وەك کەسێکی داهێنەرلە (گۆران)دەروانین و بە دوای ئەو بنەما سایکۆلۆژیانەدا دەگەرێین کە (گۆران)یان بەرەو داهێنانی شیعری ئاراستەکردووە.

بەشی سێیەم : (گۆران)ی نوێخواز: ئەم بەشەشمان تەرخان کردووە بۆئەوەی لە ڕوانگەیەکی سایکۆلۆژیەوەو بەپێی ئەوگریمانانەی لە بەشی یەکەمدا خراونەتە بەر دەست ، لەو هەولانەی (گۆران) بڕوانین کە بەرەو نوێخوازیيان ئاراستە کردوە •

لە کۆتایشدا هەولْ دەدەین ئەو ئەنجامە گرنگانە بخەینە ڕوو کە لێکۆڵینەوەکەمان بە دەستیان دێنێت ، ئومێدیشمان وایە ئەو دەرگاو ڕێچکە نوێیەی کە لێکۆڵینەوەکەمان کردوویەتیەوە ، نووسەرانی تر والاتروفراوانتری بکەن تا ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمەش ببێتە ئەڵقەیەکی نێوان ئەو توێژینەوانەی کە کراون و ئەوانەشی کە دەکرێن•

## بەشی یەکەم: چەمکی داهێنان لە ڕوانگەی سایکۆلۆژیەوە:

سەرەتا دەبێ لەو ڕاستیەوە هەنگاو هەڵنێین کەمادام لە ڕوانگەیەکی سایکۆلوژیەوە لە پرۆسەی داهێنان دەروانین ئەوا دەبێ بەو گریمانەیەوە ڕووەو لێکۆڵینەوەکەمان ببینینەوە کە بەلایەوە داهێنان دیاردەیەکی ڕەفتاریەو بۆخۆی بابەتێکی دەروونناسیەو وەك هەر ڕەفتارێکی تر لەبوارێکدا ڕوو دەدات و دەنوێنرێ ، مەبەستیش لە بواری نواندنەکەی ئەو کۆمەڵە فاکتەرانەن کە کار لە ڕێرەوەکەی و لەهێزەکەی دەکەن ، جا ئەو فاکتەرانە هەست پێکراو بن یاخود هەست پێ نەکراو ، بەم پێیەش دیاردەی داهێنان بەلامانەوە دیاردەیەکی مەرجدار دەبێت و لەو تێڕوانینانە خۆی دادەماڵێنێ کە وەك نهێنیيەك لەپرۆسەی داهێنان دەڕوانن ، ئەمەش ئەوە ناگەێنێ کە هەموو ئەو تێڕوانینانە ڕەت دەکەینەوە کە بەلایانەوە پرۆسەی داهێنان مەرجدارنیيە، بەڵکو بە تێڕوانینێکی وردیان دانانێین،چونکە ئەو ساتانەی کە داهێنەران خۆیان بە ئیلهام ناوی دەبەن و نازانن ئەو ساتانەی داهێنان لە کوێوە سەرچاوە دەگرن ، هەموو لایەنێکی پرۆسەکە ناگرێتەوەو ناکرێ لەراڤەکردنی دیاردەی داهێناندا تەنهاڕوو لە ناوەوەی داهێنەر بکرێ ، ئەمە سەرباری ئەوەی خودی ئەو سەرچاوەيەش کە دەروونی داهێنەرە لە دەرەوەی دانابڕێ (١).

ئەم ڕاستیيەش هەر زوو (هۆراس)ی شاعیر پەردەی لەسەر لاداوە کاتێ ئەو پرسیارە گرنگە دەوروژێنی و هەر خۆشی وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ : ((ئایا قەسیدەی ناسك بەرهەمی سروشتە یان هی هونەرە؟ ئائەمەیە مەسەلەکە ، ئەوەندەی پەیوەندی بەمنەوە هەیە ، بوم ساغ نەبوتەوە کە ئایا خوینـدن بەبی شنەی زوروزەبەنـدی بەهرەی زکماك یاخود بەهرەی زکماك بەبی خوینـدن چ بەرووبوومیکیان ئەبیت ، هەریەکەیان زور پیویستی بەوی تریان هەیەو پەیمانی دوستایەتیيەکی بەردەوامی پی ئەدات هەرکەسیك بیەوی بەو ئامانجە بگات کەمەبەستیيەتی ئەبی بەمندالی چەرمەسەرییەکی زۆری دیبێ و هەڵلەرزیبی و ئارەقی رشتبی و خوشەویستی و شەرابی لەخوی

حەرام کردبی))(٢)
دیارە بە درێژایی ئەو دووهەزار ساڵەی کە دەکەوێتە نێوان ئێمەو(هۆراس)یشەوە هەر ئەو تێروانینە پەسەند کراوەو لە تیورە رەخنەیی‌یە کاندابەردەوام بەهرەی کەسی و بەدەست هینانی شارەزایی بە دوو بنەمای پێکەوەگرێدراوی توانای شیعری دانراون (٣)
هەر لەم بوارەدا(گۆران)ی شاعیریش تێروانینێکی زانستانە بۆ هونەری شیعر بە پەسەند دەزانیٰ و دەڵێ : ((ئەگەر بۆ تەعریفی شیعر گویٰ لە قسەی شاعیرەکان خۆیان بگرین ، لە دنیایەکی جوانی خەیال و ئایدیالدا وێڵ ئەبین ، هەندیٰ عیبارەت ئەبینین کە زۆرتر مەعنای ستایش و پەسەندیان لیٰ وەرئەگرین، نەك تەعریف و ناونیشان هەڵدان ، بۆ نمونە : شاعیرێك شیعر بە بەهرەی ئاسمانی ئەداتە قەڵەم ، یەکێك بە سروشی خوایی ، یەکێکی تر بە سیحری حەلال ، تەنانەت هەندیٰ جار شاعیر لە ریزی پێغەمبەرانا دائەنێن ... لە شاعیرەکانی رۆژئاواش سوللی پرادوم(فرانسەیی)بەم جۆرە بە شانی شیعرا هاتووە: شیعر جۆرێك خەیاڵ کردنەوەیە ، کە ژیانێکی بەرزتر خۆی تیا ئەخاتە بەرچاو ، بە گۆڕانی شاعیرەکان چ ئەدیبە کۆنەکان ، هەرچەندە زۆریان لەبارەی شیعرەوە نووسیوە بەڵام کەمتر توانیویانە بە لای تەعریفێکی پر بە پێست و جامیع و مانعدا بڕۆن کە بەناچاری چاو بە لایەنی تردا ئەگێرین ، ئەبینین مەنتق زان و فەیلەسووفەکان باشتر لە تەعریفی راستی شیعر نزیك بونەتەوە ..))(٤)
بەم پێیە زووربەی ئەو لێکۆڵەرانەی کە باس لە (بەهرەی تایبەت)و(توانای بیٰ وێنەی بنیاتنان)و(توانای پەیبردن)دەکەن نەیانتوانیوە هەر لەو بازنەیەدا بمێننەوە کە راڤە ناکریٰ ، بۆیە یەکێکی وەك(دی لا کروا)ش بەرەو دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان داهێنەرو کۆمەڵ هەنگاوی ناوە کاتیٰ بریاری ئەوە دەدات کە کۆمەڵ خۆی دوا بریاردەرە لەسەر بەرهەمیٰ کە داهێنراو بیٰ یا داهێنراو نەبیٰ( ٥)
هەر لەم رووەوە (ساولوس)یش رای وایە کە : (( یەکەم هەنگاو لە بواری راڤەکردنی داهێنانی هونەریدا جا قەسیدە بیٰ یان وێنە دەبیٰ پەردە هەڵماڵین بێت لەروی ئەو کەم‌وکوریانەی کە شاعیر یان هونەرمەند لە دەورووبەرەکەیدا بینیونی و چۆنیش هەست کردنی بەو کەم‌وکوریانە پاڵیان پێوەناوە تا چارەسەیان بۆ بدۆزێتەوە .... هەر بۆیە داهێنان بۆخۆی چالاکی‌یەکی کۆمەڵایەتی‌یەو داهێنەر دەیەویٰ کار لەوانە بکا ت کە بەرهەمەکەی دەبینن ...))(٦)
(کۆدۆل)یش دەڵیٰ: ((بەردی بناغەی تێگەیشتنمان بۆ داهێنانی هونەری دەبیٰ شوێن پیٰ هەڵگرتنی پرۆسەی ئەو گۆرانکاریانە بێت کە داهێنەر دەیەویٰ لە ویژدانی سەرجەمی (منەکان)ی دەوووبەریدا بیبینیٰ))(٧)
بێگومان کاتیٰ (فروید)یش سەرچاوەی داهێنان لە (لاشعور)دا دەبینیٰ ، نەیتوانیوە تەنها (لاشعور)بەتاکە سەرچاوەی داهێنان دابنیٰ ، بەڵکو بەلایەوە (منی باڵا)کە دەنگی کۆمەڵە لە دەروونداو بۆخۆی خاوەنی دوا وتەیە لە رازی بوونی داهێنەر لە بەرهەمەکەی (٨)
جا لێرەدا دەگەینە ئەو راستی‌یەی کە یەکەم مەرجی داهێنان سەرهەڵدانی پەیوەندی‌یەکی دیاری

كراوه لەنێوان داهێنەرو کۆمەڵەکەیدا ، واتە (من) و کەسانی تردا ، بە شۆڕبوونەوەش بە ناخی ئەو پەیوەندی‌یەدا ، کۆمەڵێ راستی ترمان دێتەبەردەست .

سەرەتاش کەوامان دانا (من)هێزێکە لەو هێزانەی لە بواری رەفتارماندا ئامادەبوونێکی بەردەوامی هەیە ، ئەوا دەبێ واشی دابنێین کە (ئێمە)ش هێزێکە لەو هێزانەی ئەو بوارە ی (من)ی تێدایە وەك بەشێك لە گشت ، جا هەرکاتێ بەرەو یەك ئامانج و بەیەك باوەرەوە هەنگاو هەڵنێن ،ئەوا دەڵێین (ئێمە) ونالێین (من) ، بەم پێیەش جێناوی (ئێمە) نابێتە کۆمەڵێ (من)ی سەربەخۆ ، بەڵکو یەکەیەکە (من)تیایدا دەلالەتی تایبەتی خۆی دەبێت.

بێگومان ئامادەبونی حاڵەتی (ئێمە) لە هەر کۆمەڵگایەکدا واتە فەراهەم بوونی (هاوسەنگی‌یەکی سایکۆلۆژی‌و کەشێکی ئارام )بۆ (من)ەکان،بە پێچەوانەشەوە هەر کاتێ حاڵەتی (ئێمە) درزی تێکەوت ئەوا حاڵەتی (من – ئەوان) سەرهەڵدەدات و بەو هۆیەشەوە (من)ەکان ، کەشە ئارام‌و هاوسەنگی‌یە سایکۆلۆژیەکانیان لە دەست دەدەن (٩).

کەواتە حاڵەتی (ئێمە) بناغەی هاوسەنگی سایکۆلۆژی کەسێتی پێك دێنی‌و هەر گرفتێك تووشی ئەو بناغەیە بوو ئەوا درزیش ئەکەوێتە هاوسەنگی کەسێتی‌یەوەو بەرەو دۆخی نائارامی‌و دڵەراوکێ دەبێتەوە ، لەم دۆخەشدا کەسەکە هەوڵ دەدات ئەو درزە پرکاتەوە کە توشی (ئێمە)بووە تا هاوسەنگی‌یە سایکۆلۆژیەکە بەدەست بێنێتەوەو دۆخە نائارامی‌یەکە برەوێنێتەوە .

بەم پێیە دەتوانین بڵێین : دابرینی (من) لە (ئێمە) و سەرهەڵدانی حاڵەتی (من– ئەوان)، بەهۆی ناکۆکی نێوان ئامانجە تایبەتی‌یەکانی‌و ئامانجە هاوبەشەکانی کۆمەڵەکەیەوە ، دەکرێ ببێتە سەرچاوەی (بلیمەتی)و(داهێنان) هەروەك چۆن دەشێ ببێتە سەرچاوەی شێتی یان سەرچاوەی هەردیاردەیەکی تر کە (نەگونجاندن)دەگەیێنێ، لەم رووەوە (جینوسفیرینی)دەڵێ:

((وەك دیارە کێشەی نێوان هونەرمەندو کۆمەڵەکەی گرنگی خۆی هەیە بەڵام ئەگەر هونەرمەند شتی پێبوو بیڵێ‌و بواری پێ درا ئازادانە دەری برێ ئەوا هەمیشە پردی پەیوەندی کردن لەنێوان جیهانەکەی‌و جیهانی کەسانی تردا پێك دەهێنرێ)(١٠).

(ولتجفیلد)یش دەڵێ: ((داهێنانی هونەری لەو کێشانەوە سەردەردێنێ کە راستەوخۆچارەسەرناکرێن، ئەتوانین ئەوەش بڵێین کە لە داهێنانی ئیستاتیکیدا هەڵچوونەکان لە ناخەوە رایەڵەدەکرێن))(١١).

بەلای(ئەدلەر)یشەوە : ((بلیمەتی ئاکامی هەست کردنە بە نزمی ، ئەو کێشەیەش کە بەو هۆیەوە سەرهەڵئەدات بە قەرەبووکردنەوە (تعویض)نەبێ نارەوێتەوە ))(١٢).

(دراکولیدس)یش رای وایە کە: (داهێنانی هونەری قەرەبووکردنەوەی ئەو ئارەزووانەیە کە بە هۆی بەربەستەکانی جیهانی دەرەوەو جیهانی ناوەوە دەستەبەر ناکرێن ...هونەرمەند بەهۆی داهێنانەوە قەرەبووی ئەوانە دەکاتەوە کە ژیان بۆی فەراهەم نەکردووە یان لێی بێ بەری بووە ، هەر بۆیە (بێ بەری بوون) ئەندیشە فراوان دەکات هەر وەك چۆن (دەستە بەربوون) لاوازی دەکات ، بەم پێیە نەگونجا ن لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بەرەو لاتەریك بوون دەیبات‌و رووەو بنیات نانی جیهانێکی تایبەت و دەوڵەمەندی ئاراستە دەکات ، هەر بۆیە وتراوە یەکەم رەنگرێژکەر لە هونەردا دەوڵەمەنی

ناوەوەیە کە ئەویش بۆخۆی ئاکامی هەژاری دەرەوەیە)(١٣).
بەم پێیە بە سەرهەڵدانی دیاردەی لەت بوونی (ئێمە) نەك هەر داهێنەر تووشی شکست نابێ بەڵکو بەدەوڵەمەند بونی ناوەوەی لە ڕێگای داهێنانەوە رووەو پێك هینانەوەی حاڵەتی( ئێمە)یەکی نوێ هەڵدەکشێ تا ئارام بێتەوە.
کەواتە هەنگاوی داهێنەر لەگەڵ درزکەوتنە ناو (ئێمە) دەست پێ دەکات ، ئەو درزەش نائارامیەك لە (من)دا دروست دەکات کە دەیەوێ بیرەوێنێتەوە ،لێرەدا بۆ روون کردنەوەی ئەو دۆخانەی داهێنەری پیا تێدەپەرێ ، ئاورێ لە تێروانینی هەندێ لە داهێنەران خۆیان دەدەینەوە :
(شللی)بە (بایرۆن)دەڵێ: (( نابێ شوێن پێی (بۆب)یان هەر نووسەرێکی تر هەڵگرین ، دانانی ئەم یان ئەو بە سەرۆك دەبێتە هۆی ئەوەی روو لە شێوازێك بکەین کە نەشیاوو ناشایستەش پەسەند بکرێت، بلیمەتی راست خۆی لە هەموو چڵوچێوێکی کۆن دائەماڵێنێ ))(١٤).
(توفیق حەکیم)یش ئەڵێ : (( سروشتی من وابوو ، روو لەوە نەکەم کە خەڵکی هەموو رووی تێ ئەکەن وەك خواستێکی خۆجوی کردنەوەو خۆ دابرین لێیان ، پاڵپشتێکیشم بۆ ئەو ئارەزووەم دوزیەوە ، ئەویش خۆدەربازکردن بوو لە (تێروانین و مەنتقی گشتی) واتە ئەوەی هەموو پەسەندی ئەکەن ، وەك ئەو تێروانینەی بە لایەوە (ئیرەیی) بەڵگەی خوشەویستیە ، دەم ویست مەنتقێکی خۆم هەبێ کە گریمانەی خۆی هەبێ و ملکەچی راوبۆچوون و سۆزی باو نەبێ چونکە بەهۆی ئەو گریمانەیەوە ئەنجامی نوێش سەرهەڵئەدات))(١٥).
وەك دیارە ئەو وتانە بۆ خۆیان حاڵەتی لەت بوونی (ئێمە)و سەرهەڵدانی دۆخی (من – ئەوان) دەگەیێنێ ئاکامی هەست کردن وبرواهێنانی (من)ی داهێنەرە بەشتێك کە (ئەوان)هەستی پێ ناکەن و رووکردنە روانگەورێچکەیەکە کە(ئەوان)نایزانن .
بێگومان سەرهەڵدانی حالەتی (من–ئەوان)یش هۆکاری جیاجیای لەپشتەوەیەو لە کەسێکەوە بو کەسێکی تر دەگۆرێ و دەکرێ بە گەرانەوە بۆ مێژووی کەسەکان ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکرێن،وەك لە باسەکانی داهاتوودا روون دەبێتەوە،جا ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە بە درز کەوتنە (ئێمە)، کەسی داهێنەر هەوڵ دەدات ئەو درزە پرکاتەوە تا لەو نائارامی ودڵە راوکێیە رزگاری بێت کە لەئاکامی لەت بوونی (ئێمە) دووچاری بووە، لێرەدا (هانز ماکس)تێبینی ئەوەی کردووە کە شاعیر بەچاوێکی جیاواز لە رەزامەندیوشەیدابوونی چێژلێوەرگری شیعرەکانی دەروانێ وەك لە پەسەندکردنی چالاکیەکی تری کۆمەڵایەتی کە ئەنجامی دەدات(١٦)،هۆی ئەمەش ئەوەیە کە بە رووبەروبوونەوەی لەگەڵ شیعردۆست و چێژلێوەرگرانی شیعرەکانیدا حاڵەتی(من–ئەوان)ەکەی لا دەرەوێتەوەو (ئێمە)یەکی نوێی بۆ دروست دەبێتەوە، بەم پێیە شاعیر لەگەڵ چێژوەرگری شیعرەکانی (ئێمە)یەکی کامڵوکۆمەڵێکی سایکۆلۆژی گونجاو دروست دەکەن و شاعیرش بەردەوام روو لەو (ئێمە)یە دەکات.
دیارە لێرەدا مەبەس لەوە نیە کە شاعیر خۆی هەنگاوەکان رێك دەخات بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کە پێکهێنانی دوخی (ئێمە)یەو شاعیر خۆشی بە دەربرینی (من شیعر بۆ خۆم دەڵێم نەك کەسانی تر)

ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە داهێنان بەرەو ئەو ئامانجە بەرێت ، ئەم تێڕوانینەشی ڕاستە ئەگەرچی ورد نىيە ، چونکە بۆ هەر شاعیرێ بە لایەنی کەمەوە خوێنەرێك هەرهەیە ئەگەر چەند خوێنەریك نەبێ لە هاوڕێو دۆستە نزیکەکانی و لەو ڕۆشنبیرو ئەدەب دۆستانەی بڕوای پێیانە ، دیارە ئەوانە دەست ناخەنە پرۆسەی دانان یان بنیاتنانی دەقەکانیەوە بۆیە ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە بە پێی پێوانەی ئەوان شیعر دابنێ ، ئەمەش ڕاستە ، بەڵام ئەو استیىیەش هەیە کە دوای تەواو بوونی دەقەکە بەلایەوە گرنگە ئەوەی نووسیویەتی بیخاتە بەردەستی شیعردۆستو خوێنەرەکانی ، ئەم گرنگی دانەش بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی دەلالەتی خۆی هەیە کە ئەویش هەوڵی (من)ە بەرەو پێکهێنانی (ئێمە)یەکی نوێ کە ئارامی بۆ دێنێ و لە ڕاراییو دڵەڕاوکێ دووری دەخاتەوە.

(بایرۆن)وتویەتی: ((کاتێ بیستم ڕۆشنبیران هیچ ڕایەکیان لە سەر شیعرەکانم نەداوە ، خۆم بەوە هێمن دەکردەوە کە نووسەرانی تریش کردویانە ئەویش ڕوانین بوو بۆ نەوەکانی داهاتوو))(١٧).

هەروەها وتوویەتی: (( زۆرم پێ خۆش بوو کە هەندێ کەس (سروودی یەکەمەکەی منیان بە دڵ بووە بە تایبەتیش کەسێکی وەك (بیلی ) کە پیاوێکی زیرەکە ئەگەر نەڵێم بلیمەتە))(١٨).

(تۆماس ڕسل)یش دەڵێ: ((سەرجەمی هونەرمەندە داهێنەرەکان بەوچاوە لە گوێگر دەڕوانن کە بەشێکی بنەڕەتیوگرنگی ژیانیانن ، تەنانەت لەکاتی داهێنانیشدا گوێگرێکی خەیاڵی هەیە، جا ئەگەرچی پێوانە هونەرییەکان بۆخۆیان دەسەڵاتی تەواویان هەیە بەسەر توخمو ڕەگەزەکانی کارەکەیدا ، بەڵام هێشتا هەر پێویستی بە گوێگرێك دەبێ تا ئەو پێوانانە پەسەند کات (١٩).

(ئەحمەد ڕامی)ش دەڵێ: (( هەندێ جار لەنیوەی شەودا لە دەقێك دەبوومەوە ، خێرا دەرگاوانەکەم خەبەردەکردەوەو شیعرەکەم بۆ دەخوێندەوە ، ئۆقرەم نەدەگرت تا ئەوەم نەکردایە))(٢٠).

(موحەمەد ئەسمەر)یش دەڵێ: ((ئەوەی شیعرەکانمی بە دڵە دەبێتە ئیلهام بەخش بۆمو دەروونم ئارام دەبێ پێیو هێزێکی دەروونی قووڵم پێ دەبەخشێ تا شیعرێك دابنێم کە ئەو پێی خۆش بێت ))(٢١).

وەك لەو وتانەدا دەردەکەوێت ڕووکردنە گوێگرو خوێنەر لە پێناو بە دیهێنانی (ئێمە)یەکی نوێدا بۆخۆی بەشێکی سەرەکی پرۆسەی داهێنانە ، هەر بۆیە ئەو تێڕوانینە بەڕاست نازانرێ کە بەلایەوە جوڵەی داهێنەر بە گەیشتنی بە دوادێری دەقەکەی دوایی دێت ، چونکە وەك دەرکەوت بەردەوام شاعیران دوای تەواوکردنی دەقەکانیان هەنگاوێکی تر دەنێن کە ئەویش پیشاندانی دەقەکەیە بە کەسانی تر، جا هاوڕێ بن یان ڕەخنەگر، ئەم هەنگاوەش دەلالەتی دیاری خۆی هەیە ئەویش هەوڵدانە بۆ پێکهێنانی (ئێمە) کە شاعیر پێویستی پێیەتی ، ئەم پێویستی بوونەش خواستێکی نهێنییەو زۆرجار لە هەست کردن بە بوونی هێزێکی شاراوەی ساتی داهێناندا خۆی دەنوێنی کە شاعیران باسی دەکەن، هەر بۆیە دەشوترێ داهێنان پرۆسەیەکی وشیارانە نىیە ، دیاریشە تا ئەو جۆرە پێویستییە قوڵترو ڕەگ داکوتاوتر بێتو لە ناخی (من)ەوە سەرچاوەی گرتبێ، نەك کاتیو لاوەکی بێت ، ئەوا پرۆسەی داهێنانەکەش قوڵترو بەرفراوانترو ڕەسەنتر دەبێت.

بەم پێیەو بەم چەمکەی داهێنانەوە ڕوو لە (گۆران)ی شاعیر دەکەینو هەوڵ دەدەین ئەو بنەمایانە بدۆزینەوە کە سەرچاوەی داهێنانو نوێخوازییەکەیان لەلای پێك هێناوە .

**بەشی دووەم : (گۆران)ی داهێنەر :**

دیارە هەوڵدانمان بۆ شوێن پێ هەڵگرتنی بنەماکانی داهێنان لە دەروونی (گۆران) خۆیدا ، راستەوخۆ رووەو مێژووی کەسێتییەکەیمان ئاراستە دەکات ، چونکە دەکرێ هەوێنی داهێنانەکانی لەو مێژووەوە بە دەست بهێنرێ کە خەملێنەری بووە .

بەشێك لەو زانیاریانەی دەربارەی سەردەمی منالٌی و لاوێتی (گۆران)نن و (رەفیق حلمی ) خستوویەتییە بەر دەستو دەڵێ : (( لە سالی ١٩٠٤ یاخو ١٩٠٥ دا لە هەڵەبجە لە دایك بووە ، نەوەی سلێمان بەگی کوری عبداللە بەگە کە لە ناوچەی سلێمانی و هەڵەبجە بە (کاتب فارسی) ناوبانگی رۆیشتووە ، چە سلێمان بەگی باوکی و چە عبداللە بەگی باپیری لە شعروئەدەبدا بەهرەیان بووە وە بەکوردیو فارسی نووسیویانە شیعریان داناوە بەتایبەتی عبداللە بەگی باپیری لە زمانو ئەدەبی فارسیدا دەستێکی درێژی بووە وە لەبەر ئەوە بە (کاتب فارسی) ناوبراوە ، (گۆران ) سەردەمی منالٌی هەر لە هەڵەبجە رابواردووە ، خوێندنێکی رێكوپێکی بێ وچانی نەبووە ، تا لە یەك دوو(جزم)ی (قورئان)بووەتەوە بە وچانێکی کورتو درێژ گەلێ مامۆستای گوریوە ، (گۆران)خۆی ئەگێرێتەوە ئەڵێ: لە بیرمە کە یەکەم قوتابخانەی زەمانی تورك لە هەڵەبجە دانرا بۆ پۆلی یەك وەرگیرام کە مودیرەکەمان بە رەحمەت بی (تایەرئەفەنی مەلا ئەمینی جەففار) پێی ئەوت پۆلی ئیحتیات ، هەروەکو خۆی ئەڵێ لە قوتابخانەی رەسمیشا دەوامی پچرپچر بووە ، پولی چوارەمی ئیبتیدائی لە زەمانی داگیرکردنی ئینگلیزا (ئیحتلال) تەواو کردووە ، لە ١٩١٩دا باوکی مردووە و لە ١٩٢١دا (محمد بەگ)ی کاکی ناردویەتە (مەدرەسەی علمیە) ی کەرکوك ، بەڵام هەر لە زستانی ئەو سالەدا (محمد بەگ) ئەکوژرێ ، ئیتر گۆران کەسی وای نامێنێ کە گوزەرانی خوێندنی خۆیو ژیانی دایکی ببا بە رێوە لە بەر ئەمە ئێجگاری دەس لە خوێندن ئەشواو وازی لێ ئەهێنێ لە سالی ١٩٢٢ەوە هەتا ١٩٢٥ گەلێ دەست تەنگی ئەکێشی لەوە پێش لە زەمانی باوکیشیا گەلێ ترشو تاڵی ئەبینێ بە تایبەتی لە بەهاری ١٩١٩ەوە هەتا پایزی ئەو ساڵە کەبەر تاڵانی لایەنگیرەکانی ئینگلیز ئەکەون وە بە پەلە پرۆزکێ کۆچ ئەکەن و خۆیان ئەگەێننە جێگا بەرزو سەختەکانی شاخی هەورامان، گۆران – بەواتای خۆی بێ – ئەو چەشنە رۆژە رەشانە کاری لە شەقامی راستی ژیانی نەکردووە ، ئەڵێ لەو رۆژانەدا کە پێی ئەڵێ رەش رەنگە روناکی لە دڵیا لە رۆژی خۆشی زۆررتر بووبێ ، یاخو لە هەردووکیانا تاریکیو رووناکی وەكو یەك نۆرەی کردبێ ، گۆران لە ١٩٢٥دا بە مامۆستایی لە قوتابخانەی ئیبتیدائی هەڵەبجە دامەزراوە هەتا ١٩٣٧لە قوتابخانەکانی ناوچەی سلێمانی بەمامۆستایی ماوەتەوە بەڵام بەشی زۆری ئەم ماوەیە لە قوتابخانەکانی لادێ بووە لەبەر ئەوە وەرز بووە مامۆستایی لێ بێزراوە ، کەوتۆتە هەوڵدان کە بچێتە دائیرەیەکی ترەوە ، لەو دەمەدا مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ مودیری عامی ئیشغال بووە گۆرانی گواستوتەوە دائرەی ئیشغال (کاروباری رێگاوبان).....))(٢٢).

لێرەداو بە روانینە ئەو دەقە لە روانگەی تێروانینەکانی بەشی یەکەمی لێکۆڵینەکەمانەوە کۆمەڵێ

بۆچوون لەبەر دەممان‌دا خۆیان یەکالا دەکەنەوە:

وەك دەردەکەوێ شیعر دۆستی بنەماڵەکەی (گۆران)لە لایەك و کەشە شیعری و ئەدەبی‌یەکەی هەڵەبجەش لەو ساڵانەدا لە لایەکی ترەوە ، تۆوێکی شیعریی تا رادەیەك باشیان پێ بەخشی ، مەبەستمان لەو تۆوەش ، چوارچێوەی ئەو زانیاری و شارەزابوونانەیە کە تاکە کەس لە بوارێك لە بوارەکاندا بە دەستی دێنی و کاری گەری و کاردانەوەی لە سەر کەسێتی‌یەکەی بە جێ دێڵێ ، دیارە دەشێ هەر کەسێتی‌یەکیش هەڵگری چەند چوارچێوەیەك بێت ، بەڵام یەکێکیان لە هەموویان زیاتر بنج دادەکوتی و گەشە دەکات و فراوانتر دەبێت ، جا بۆ (گۆران) هەر لە منداڵی‌یەوە و لە رێگای خێزانەکەی و کەشە ئەدەبی‌یەکەی دەوروبەریەوە ئەو چوارچێوە شیعری‌یە رەخسا کە لە هەموو چوارچێوە مەعریفی‌یەکانی تری ئاراستەکراوترو باڵاتروپتەوتر بووە ، بە لای خودی (گۆران) خۆیەوە بوونی ئەو چوارچێوەیە بناغەیەکی پێویستی داهێنانە لە بواری شیعریدا بۆیە دەڵێت : ((بە بێ ئاگاداری لە سامانی بیری پێشینان بەرهەم هێنانی وێژەیەکی هونەری رەسەن بە هیچ زەمانێك لە هیچ سەروەختێك کاری رودان نەبووە ))(٢٣).

هەر لەو زانیاریانەی (گۆران) خۆی دەربارەی ژیانی خستوویەتی‌یە بەردەست (رەفیق حلمی) ، دەکرێ ئەو بۆچوونە گەڵاڵە کەین کە (من)ی (گۆران) ، (من) ێکی ناجێگیر بووە لە ناو بازنەی رووداوو کارەساتەکانی دەوروبەریدا ، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی وەك (من)ێکی ناو (ئێمە)و (من)ێکی بەرانبەر کەسانی تر(ئەوان) ، لە نێوان ئارامی و نائارامیدا سووڕابێتەوە ، هەر ئەمەشە وای لێ کردووە نەتوانێ تەنها لە بازنەی ئەو تێروانینەی خۆیدا کە دەربارەی خۆیەتی بمێنێتەوە کە : (لە رۆژە رەشەکاندا (رەنگە) رووناکی لە دڵیا لە رۆژی خۆشی زۆرتر بووبی) بەڵکو ئەوەش بە (یاخود)ێك زیاد دەکات کە ( تاریکی و رووناکی وەك یەك نۆرەیان کردبێ) ، تەنانەت ئەگەر ئەو وتەیەشی وەك دەربرینێکی راست وەرگرین کە بەلای خۆیەوە (ئەو روژە رەشانە کاری لە شەقامی راستی ژیانی نەکردووە ) ئەوا ئەوە ناگەینێ (من)ی (گۆران) ،(من)ێکی جێگیرو هەمیشە ئارام بووە ،چونکە کاردانەوە دەروونیەکان لەناخەوە هەوێنی خۆیان دادەنێن و لەوئاستەی لاشعوردا دەمێننەوە کە (من) نە ئاگاداریەتی و نە دەسەڵاتیشی بەسەریاندا دەشکێ .

بەم پێیە بۆ ئەوە دەچین ، ئەگەر ژیانی سەردەمی منداڵی (گۆران )ژیانیکی ئاسوودەو خۆش گوزەران بووبێ‌وبەهۆی هاوبنەماڵەیی لەگەڵ جافەکاندا، رێچکەی چوونە ناوبازنەی بنەماڵەو بەگزادەکانی جافی بۆ کرابێتەوە ، ئەوا ئەو رێچکەیە دوای کۆچی دوایی باوکی و کوشتنی حەمە بەگی برای لە بەردەمیدا داخرا ، بۆیە هەر زوو لە دەرەوەی بازنەی بەگزادەکاندا خۆی بینی‌یەوەو و بووە (من)ێکی دابراو لە (ئێمە)ی بەگزادەکانی جاف و لە پەراوێزی بنەماڵەی جافەکاندا خۆی بینی‌یەوە

جا بەلای ئێمەوە هەر ئەو شکست خواردنانەی سەردەمی لاویتی‌یەکەی کە گەرای هەست بە (نزمی)لە چاو ئەوانی بەگزادەکاندا لە دەرونیدا جیگیرکرد لە لایەك و هەژاری و دەست کورتی‌یەکەی لەلایەکی ترەوە ، بزووینەریکی دەرونی کاریگەربون لەسەر کەسیتی گوران و ئاراستەکەریکی دەروونی چالاکی شیعریی بوون بوی و بەشیك لە هەوێنی دەولەمەند کردنی

ناوەوەیـان پـێ بەخشـیوەو وایـان لێ کـردووە تـا لـە رێگـای داهێنـانی شـیعرییەوە هـەوڵی قەرەبووکردنەوەی ئەو حاڵـەتی هەژاریوئاست نزمییە کومەڵایەتییـە بکاتـەوە کە لـە (ئیمـە)ی دابـری بـوو بـەو پێیـەی بـە(داهێنانی شـیعریی) دەتـوانێ ئـەو حاڵـەتی (مـن – ئـەوان)ەی پـێ برەوێنێتەوە کە هەستی پێ کردووەبە تایبەتی لە ژینگە کومەڵایەتییەکەی ئەو سەردەمەدا چونکە لـەو سـەردەمەی (هەڵەبجـە)دا (توانـای شـیعری)بوارێکی دیـارو بایەخـداریش بـووە بـۆ چـوونە نـاو (ئـەوان)ی سـەرجەم توێـژو چینە جیاجیاکـانی کومەلـەوە بـە بەگزادەکانیشـەوە کـە لـەو قۆناغـەدا دەستەیەکی دیاری شاعیران و ئەدیب و ئەدەب دۆستانی ئەو ناوچەیەیان پێکهێنابوو ، دیارە ئەو رووەو جیهانی شیعری چوونەشی بی بنـەما نـەبووە بـەلکو بـەهوی ئاشـنابونی هـەر لـە منالێیـەوە لەگەڵ ئەوجیهانەدا بـەو رادەیـەی کەلـە تەمـەنی دەدوانزەسـالییەوە روو لـە تاقیکردنـەوەی شـیعری بکات( ٢٤)، بۆخوی زەمینەی ئەو ئاراستە بونەی بۆ رەخساندبوو واتـە بـوارێکی کراوەی بـەردەمی بووە تا داهێنانی تیا ئەنجام بدات و بەهۆیەوە (ئێمە)یەکی نوێی بۆ برەخسێ . بەم پێیە هەڵکشانی (گۆران) بەرەو جیهـانی شیعری بۆخوی ئاکامی هەوڵدانی بـووە لـەپێناو پێك هێنانـەوەی حاڵـەتی (ئێمـە)دا کـە لـە دوای کۆچـی دوایـی بـاوکی و کـوژرانی براگەورەکەیـەوە لـەت بـووەو بـەرەو دۆخـی (من– ئەوان) بووبووەوە .

بۆ جێگیر کردنـی ئـەو بۆچوونانەمان لە لایـەك و بۆ یەکالاکردنەوەیـەکی زیـاتری هەوێن وپرۆسـەی داهێنـان لای (گۆران)لـە لایـەکی تـرەوە ، ئـاوڕ لـە نووسـینێکی (پیرەمێرد)دەدەینـەوە کـە دەربـارەی (گۆران)ەو بە پێویستی دەزانین لێرەدا بیخەینەوە بەردەست،(پێرەمیرد) لە رۆژنامەی(ژیان)ی ژمارە (٢٩٠)ی (٦ ئاغستۆسـی ١٩٣١)داو لـە ژێـر ناونیشـانی (گـوڵێکی نـەو شـوکوفتەی شـیعر)دا ، دەنووسێت و دەڵێ:

(( چەند سـاڵێ لەمـەو بـەر خـۆش بەختانـە رێـم کەوتـە شـارێکی لـەتیفی کوردستان ، موددەتێکی موناسب لەوێ مامەوە،حەیاتێکی سادەو زەریف ،حەیاتێکی پر لە شیعرو سنوحاتم رابوارد.ئەتوانم بڵـێم ئـەم شـارە، بە دەشـت و دەری شـاعرانەیەوە بەشـاخ و نـزاری پـر لـە ئـەحلام و خەیاڵاتیـەوە ، لانەیـەکی ئـەزەلی و ئەبـەدی شـیعرە، زەرراتـی هـەوای پـر لـە ئیلهامـە، تاریکـە شـەوو مانگەشـەوی موتەساوییەن شـاعرانەیەو وەحـی بەخشـە. بـن هـەر لقـی دارێ بـاغێکی سـەد فریشـتەوسـەد پـەری شیعری لێیەو هەر بەم سەبەبەوەیە لە رۆژێکەوە بناغەی نراوە بێ شاعیر نەبووە

ئـا لـەم شـارەدا ئـەووەل رۆژی مواصـەلەتم لاوێکـی زیـرەك، تـێ گەیشـتوو، رەقیـق تـەبع ، فەقـەت مەحجوب ،جەلبی دیققەتی کردم ، ئیفراتی مەحجوبیەتەکەی تەقریبـەن کردبوی بە مـەردوم گریـز، غالیبەن گۆشەیەکی ئینزوای پر حیسسوخەیاڵاتی تەرجیع ئەکرد بـە سـەر حـەیاتێکی پـر جـۆش و خرۆشی ناو خەڵکدا .

موعارەفەمان بۆ موددەتێکی مەدید عیبارەت بوولە چەند مولاقاتێك، فەقەت بەرەبەرە مولاقاتەکەمان تەزایودی کرد ، ئاشناییەکی موتەقابل هاتە وجود – ئاشناییەکی فکری و حسی – ، وە بیلنـەتیجە قەناعەتی کاملەم بۆ حاصل بوو کە ، دوور ، لە ژێر پەردەی کەسییفی مەحجوبیەتەکەیدا حسێکی

رەقیق و بەرز، تەبعێکی شاعرانە مەوجودە و شنەی بایەکی خەفیف کافییە ئەو پەردەیە لابدا و بە هەموو مەحاسنی بەدیعیەوە شەخسی یەتی شیعری یەی دەرخا.
زەمان هات و تێپەری ، ئەرز بەدەوری خۆیدا چەند خولێکی دا و نیهایەت لە سلێمانی یەکمان گرتەوە . ئەمجارە بە مەمنوونیەتەوە دیم کە کزە بایەکە – هەرچۆنێ بووبێ – هەڵی کردووە و تا دەرەجەیەك بووە بە سەبەبی دەرخستنی شەخسیەتی.
شەوێك کە دیسان لە مەوزووعی شیعرو ئەدەبیات ئەدواین بە دەنگێکی نزم و روویەکی سوور هەڵگەراوەوە بەعزێ شیعری خۆی لە بەر خوێندەوە، زۆرم لا جوان بوو ، وە تەڵەبی نوسخەیەکم لێ کرد. سبەینێ مەنزوومەکانم لێ وەرگرت و کە دووبارە پیا چوومەوە بە تەواوی تەحەققوقی کرد لە لام کە ئەمانە زۆر دوور بوون لە شیعری شاعیرێکی موبتەدی و یا هەوەسکارێك . عەلاوەی ئاهەنگ و سەلاسەتی مەوزوعەکانیش جازیبە دارو پر حەیات بوون بە خەیالێکی وردو بڵند هۆنراونەتەوە و بە تەرزێکی جوان و رەوان ئیدا کرابوون.
لە گوفتاری وا تێگەیشتم ئەیەوێ ئەمانە لە گۆشەی نسیاندا بمێنێتەوە فەقەت من شەخسەن ئەم ئیهمالەم بەرامبەر بە ئالیهەی شیعر بە جورم عەد کرد و بیلنەتیجە قەرار درا بەناوی موستەعارەوە نەشر بکرێن.
بە ئیفای ئەم خدمەتە ئەدەبیە زۆر مەسروورم . وا ئەوەڵ مەنزومەی بە حورمەتەوە خرایە بەر نەزەری خوێندەوارانی کیرام

شەوێکی بەهار

تاریکە شەوێ نوقمی رەشی چیهرەی دنیا
دیلی تەمی ئەسرار بوو دەرودەشتی حەقایق
چوبونە پەنا پەردەیی خەو کەون وخەلایق
مستەولی ئەندێشە ئەبوو ساهر تەنیا

وەك دەردەکەوێ سەرەتای ئەم ئاشنایەتی‌یەی نێوان (پیرەمێرد)و (گوران) کە لە هەڵەبجە دەبێت ، دەگەرێتەوە بۆ کۆتایی بیستەکانی سەدەی رابردوو کە دەبێ رۆژانێکی ساڵانی ١٩٢٧–١٩٢٨ بووبێ ، پاش ئەوە لە هاوینی ١٩٣١ دا لە سلێمانی یەکتر دەبیننەوەو چەند جارێك پێکەوە دادەنیشن ، جا ئەو ساڵانە لە لایەك‌و ئەو چەشنە ئاشنایەتیەشی لەگەڵ (پیرەمێرد)دا لە لایەکی ترەوە جێگاو شوێنی تایبەتیان لە ژیانی (گۆران)دا وەك کەس‌و وەك شاعیر بوخۆیان گرتوەو لە رەنگ رشتنی کەسێتی‌یەکەیدا وەك داهێنەر رۆڵی دیاریان هەبووە .
ئەوەی سەرەتا لەو نووسینەی (پیرەمێرد)دا سەرنج رادەکێشی ژینگەکەی (گۆران)ە کە هەڵەبجەیەکی شیعر دۆست بووە چ وەك چێژ لێ وەرگرو چ وەك داهێنان ، بەم پێیەش بێ دەبێ بۆ (گۆران) کەشێکی سایکۆلۆژی ئارام بوبێت و (من)ی(گۆران)تیایدا (من)ێکی گونجاوی ناو (ئێمە)بووبێ ، جا ئایا وابووە ؟
گومانی تیا نی‌یە – هەروەك پێشتر بۆی چووین– کەشە ئەدەبی‌یەکەی ئەو سەردەمەی هەڵەبجە

بۆخۆی کاریگەری هەبووە لەسەر ئاراستە کردنی (گۆران) بەرەو (ئەوان) لە پێناو پێك هێنانی (ئێمە)دا کە بوونەتە کۆمەڵێکی سایکۆلۆژی بۆی ، هەرلەو دیوی ئەو چەشنە ئاراستە کردنەشەوە ، هەوڵدانێك لە ئارادا بووە تا قەرەبووی هەست بە نزمیو هەژارییەکەی پێ بدرێتەوە ، ئەم بۆچوونەش بە گشتی و ئەو چەشنە ئاراستەیەی (گۆران) لەو هەوڵەی خۆیدا روونترو جێگیرتر دەبێ کە بۆ بینینو نزیك بوونەوە لە (پیرەمێرد)داویەتی چونکە دەبینین هەر لە یەکەم رۆژەوە کە (پیرەمێرد)گەیشتۆتە هەڵەبجە ئەویش رووی لەو جێگاو شوێنەکردووە کە (پیرەمێرد)ی لێ بووە نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو لەو ماوەیەی (پیرەمێرد) لە هەڵەبجە بووە هێندە لە (پیرەمێرد) نزیك بووتەوە تا (ئاشناییەکی موتەقابیل هاتە وجود ، ئاشناییەکی فکریوحسی)جا لێرەداو بەلای ئێمەوە ئەو رەفتارەی (گۆران)بۆخۆی رەفتاری کەسێکی داهێنەرە کە خواستێکی دەروونی قووڵی لە پشتەوەیە و هەوڵدانی (من)ێکی دابراوە لە (ئەوان) لە پێناو پێك هێنانی (ئێمە)یەکی نوێ لە شاعیرانوشیعردۆستان کە دەبێتە کەشێکی سایکۆلۆژی ئارام بۆی ، پێداویستی گورانیش بەو (ئیمە) نوێیە ئاکامی ئەو حاڵەتی لەت بوونەی (ئێمە)یە بە چەمکە گشتییەکەیو سەرهەڵدانی حاڵەتی (من)ی (گوران) و (ئەوان)یخەلکییە لە لای ، ئەم تێروانینەش لەو وەسفەی (پیرەمیرد)دا ئاشکرا دێتە بەر دەست کاتێ دەڵێ : (غالیبەن گۆشەیەکی ئینزوای پرحیسوخەیاڵاتی تەرجیع ئەکرد بە سەرحەیاتێکی پرجۆشوخرۆشی خەڵکدا) .

هەر لەو وەسفەدا دەتوانین ئەو بۆچوونەش بەدەست بێنین کە گۆشەگیرییەکەی (گۆران) دەوڵەمەندی ناوەوەی لێ کەوتۆتەوە ، بە واتایەکی تر بەو دابرانەی لە ئەوانی(خەڵکی)کەوتووەتە ناو پرۆسەی هەوڵدانێکی نوێوە تا (ئێمە)یەکی نوێ پێك بێنێتەوە کە (من)ەکانی چێژڵێ وەرگرو پەسەندکەری شیعرەکانی دەبن.

بێگومان ئاساییە لێرەدا پرسیار لەو دەقە شیعریانەش بکرێ کە لەو کاتەدا (گۆران)ویستویەتی بیانکات بە پردی پەرینەوە بەرەو (ئێمە)یەکی نوێ کە دەبێ لە چێژڵێ وەرگرەکانی پێك هاتبن ، لێرەدا دەشێ لەبەردەستدا نەبونی مێژووی لە دایك بوونی دەقەکان بەربەست بێت لە بەردەم خستنە رووی ئەو دەقانە بەتایبەتی ئەو دەقانەی کە لە بیستەکاندا بەرهەم هێنراون ، بەڵام ئەو بەربەستە ناتوانی رێگا لەو راستییە بگرێ کە ئەو دەقانە بۆخۆیان هەر هیچ نەبووبێ چێژێکی هونەرییان بە شاعرێکی وەك (پیرەمێرد) بەخشیوە ، بۆیە بە دڵنیاییەوە وتویەتی : (بیلنەتیجە قەناعەتی کاملەم بۆ حاصل بوو کە ، دوور ، لە ژێر پەردەی کەسییفی مەحجوبیەتەکەیدا حسێکی رەقیق و بەرز، تەبعێکی شاعرانە مەوجودە و شنەی بایەکی خەفیف کافییە ئەو پەردەیە لابدا و بە هەموو مەحاسنی بەدیعیەوە شەخسی یەتی شیعری یەی دەرخا ) ، دیاریشە ئەو قەناعەتەی (پیرەمێرد) لە ئاکامی بینین یان بیستنی ئەو دەقانەوە هاتووە کە لە یەکەم جاری ئاشنایەتیاندا (گۆران)خۆی خستوونیەتییە بەردەستی ، هەر لێرەشەوە بۆ ئەوە دەچین کە ئەو رایەی (پیرەمێرد) راستەوخۆ بە (گۆران)یشی راگەیاندووە ، بۆ خۆی نەك هەر رێی بەرەو (ئێمە)یەکی نوێی بۆکردوتەوە بەڵکو بووەتە بزووێنەریکی ئەوتۆش بۆی کە بەردەوام بێت لە سەر

داهێنان بەو ئاراستەیەی (پیرەمیرد)ی پێ رازی بکات ، هەر بۆیە دوای چەند ساڵێك و بێ ئەوەی بیر لە بڵاوکردنەوەی دەقەکانی بکاتەوە روو دەکاتەوە (پیرەمیرد)ی (ئیلهام بەخشی)و کۆمەڵێ دەقی شیعری دەخاتەوە بەردەستی تا پارێزگاری لەو (ئێمە)یە بکات کە هەر (پیرەمێرد) رەنگی پێك هێنانی بۆ رشتبوو ، کە بێگومان (ئێمە)یەك بوو (گۆران)ی وەك داهێنەرێك ئارام و ئاسوودە کردبوو.

هەر ئەو هەوڵەی (گۆران ) بۆ بینینی (پیرەمێرد) لە هەڵەبجەو دواتر لە سلێمانیش بۆخوی وەك رەفتارێك ، بزوێنراوی خواست و ئارەزووی ناخی‌یەتی وەك داهێنەرێك کە بە دوای گوێگرێکدا دەگەری تا راستەوخۆ بەرهەمەکەی پەسند کات ، چونکە گوێگر زیاتر لە خوێنەر دەتوانێ ئەو خواست و ئارەزوانە تێرکات مادام راستەوخۆ (ئێمە)یەکی نوێی بۆ پێك دینێ .

دەکرێ لێرەدا بە هەمان تێروانینمان رەفتارێکی تری (گۆران) راڤە کەین کە کۆمەڵێ پرسیار دەورووژێنی ، مەبەستمان لەو رەفتارەش ، وازهێنانیەتی لە پیشەی مامۆستایی لەبەر ئەوەی بێزار بووە لە لادێ ! دەشێ ئەم خواست و رەفتارە بۆ کەسانی تر بە ئاسایی وەرگیریت ، بەڵام بۆ (گۆران)ێکی شەیدای سروشت و شەیدای جوانیەکانی سروشت و لادێی کوردەواری و ژنانی هەورامان و کچانی سەرریێی کانی و ....هتد ، پرسیاری چۆن و بۆچی ؟ بە دوای خۆیدا دێنێ .

بێگومان دەکرێ لێرەدا وەڵامی جیا جیا بخرێنە بەردەست ، تەنانەت شك لەوە ناکەین کە (گۆران) خۆشی وەڵامی لەلا بووبێت ، بەڵام دڵنییان لەوەی هەر هیچ نەبێ وەڵامەکەی (گوران) لە ئاستی هۆشمەندیدا دەدرایەوە ئەمە لەکاتێکدا بەلای ئێمەوە ئەو خواستەی ، خواست و ئارەزوویەکی دەروونی بووە ، ئەویش گەران بووە بە دوای گوێگرو چێژلێوەرگری بەرهەمەکانی‌دا کە لە لادێ‌کاندا بۆی پەیدا نەدەکران، کەواتە ئەو رەفتارەی بۆخۆی هەوڵدانێکی تری (گۆران) بووە بۆ پێك هێنانی (ئێمە)یەکی نوێ پاش ئەوەی وەك (من)ێك بەرامبەر(ئەوان)ێك بووبووەوە کە هەر هیچ نەبووبێ چێژ لێ وەرگری دەقەکانی نەبوون بەو شەقڵ وسیما نوێیەی کە پۆشیبوویان تەنانەت هەندی جار حالەتی دابرانی لە (ئەوان) ئەو تیروانینەی لەلا دروست کردووە کە: ((ئەندامەکانی کومەل بەرامبەر بە خاوەن قەلەم بە تایبەتی بەشی شاعیر پیلوی شل خەویان لیك جوی نەدەکردەوە بو ئەوە نەبی بەچاوی سووکی و بی بایەخی بە فەسالیا بنوارن ..))(٢٥) جا وەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە ، ئەو چەشنە خواست و ئارەزووە ،واتە گەران بە دوای گوێگردا ، خواست و ئارەزوویەکی دەروونی هەموو داهێنەرێکە و ئاسایی‌یە خۆیان پەی پێ نەبەن و پێش لەسەر ئەوە داگرن کە پێویستیان بە گوێگر یان خوێنەر نی‌یەو ئەوان شیعر بۆ خۆیان دەڵێن

وەك ئاشکرایە ئەو خواست و ئارەزووەی (گۆران) کە رووکردنە (شار)بووە وەك مەڵبەندێکی رۆشنبیری و ئەدەبی لەپێناو (ئێمە)یەکدا کە کۆمەڵێکی سایکۆلۆژی و چێژلێوەرگرو پەسەند کەری بەرهەمەکانی بن دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٧ واتە شەش ساڵێك دوای ئەوەی کە (پیرەمێرد) نەك هەر ئەوەی پێ راگەیاندووە کە بووەتە شاعیرێکی خاوەن کەسێتی خۆی بەڵکو دەرگای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیشی بۆ خستە سەرپشت و کۆمەڵێ لەو بەرهەمانەی بۆ بڵاو کردەوە ، ئەمەش بەلای ئێمەوە بووە هۆی ئەوەی کە خواست و ئارەزووی (گۆران) بۆ پێك هێنانی (ئێمە)یەکی

فراواتر ئاراسته بكريّت ، تەنانەت پەيوەندی كردنی بە (گوڤاری هاوار-١٩٣٢)(٢٦)ەوە لەو سەرەتايەی تەمەنە شيعریيەكەيدا بۆخۆی هەمان دەلالەتی لیّ بەدەست دەهيّنریّ.

ليّرەداو مادام باس لە بلاّو كردنەوەی بەرهەمەكانی ( گۆران ) كرا ، بمانەویّو نەمانەویّ رووبەرووی پرسياريّك دەبينەوە كە دەربارەی نازناوەكەيەتیو وەك وتراوە (رەشيد نەجيب) بۆی داناوە و لەم رووەوە (رەفيق حلمی) دەلّيّت : (( شعر دانانی راستەقينەو بە دلّی گۆران لە سالّەكانی ١٩٢٩- ١٩٣٠ وە دەس پیّ ئەكا ، لە هاوينی ٩٣٠ دا رشيد نجيب چەن هەلّبەستيّكی لە غەزەتەی (ژيان)دا بۆ بلاّو كردوتەوە وە تخلصی (گوران)يش هەر ئەو حەله رشيد نجيب بۆی داناوە ))(٢٧).

دیارە ئەو زانيارييانە كە سەرچاوەكەيان (گۆران) خۆی بووە يان هەر هيچ نەبوبیّ ئاگاداريان بووە ، كۆمەلّیّ تيبينی و پرسيار بە دوای خۆياندا دەهيّنن . سەرەتا ئيّمەش ئەوە بەراست دەزانين كە (شعر دانانی راستەقينەو بە دلّی گۆران لە سالّەكانی ١٩٢٩ – ١٩٣٠ ەوە دەست پیّ دەكات ) چونكە ئەو سالاّنە دوای ئاشنا بونی يەتی لەگەلّ (پيرەميّرد)دا لە هەلّەبجەو پيّش بينينەوەيەتی لەسليّمانی ، بۆيە بەلای ئيّمەوە ئەو دەقە شيعرییانەی كە لەو سالاّنەدا لەدايك بوون هەر ئەو دەقانە بوون كە (پيرەميّرد) پەسەنديان دەكاتو دەربارەيان دەلّیّ : ( ئەمانە زۆر دوور بوون لە شيعری شاعيريّكی موبتەدیو هەوەسكاريّك ، عەلاوەی ئاهەنگو سەلاسەتی مەوزوعەكانيش جازيبە دارو پر حەيات بوون بە خەيالّيّكی وردو بلّند هۆنراونەتەوەو و بە تەرزيّكی جوان و رەوان ئيدا كرابوون ..) ، دياريشە كە هەردوو دەقی (شەويّكی بەهار)و(ئەی نەی)يەكەی لە بەرهەمەكانی ئەو سالاّنەن چونكە يەكەم بەرهەمو دووەم بەرهەمی بلاّوكراوەی (گۆران)ن و هەردووكيان لە مانگی ئابی ١٩٣١ دا بلاّوكراونەتەوە (٢٨).

بەم پیّيە دەكریّ راشكاوانە ئەو راستیيە بخەينە بەردەست كە رازی بوونی (گۆران) خۆی لەو بەرهەمانەی ئاكامی رازی بوونی (پيرەميّرد) بووە ليّيانو تا ئەو پەسەندی نەكردوون ئەم خۆی دلّنيا نەبووە لەوەی كە رووی ئەوەيان هەبیّ لە جيهانی شيعری كوردی ئەو قۆناغەدا خۆيان دەرخەن ، هەر بۆيە بە (دەنگيّكی نزمو روويەكی سوور هەلّگەراوەوە )بۆ (پيرەميّرد)ی خويّندونەتەوە.

هەر ليّرەدا دەكریّ بەو راستیيانە ئەو زانیارییە رەت كريّتەوە كە گوايە ( لە هاوينی ١٩٣٠ دا رەشيد نجيب چەند هەلّبەستيّكی لە غەزەتەی (ژيان)دا بۆ بلاّوكردۆتەوە ) ، چونكە لە ژمارەكانی ئەو سالّەدا هيچ شيعريّكی (گۆران)مان بەرچاو نەكەوت و ئەوەی هاتۆتە بەردەستمان ئەوەيە كە (پيرەميّرد) يەكەم بەرهەمی (گۆران)ی بلاّوكردوتەوەو راشكاوانە وتويەتی : ( بە ئيفای ئەم خدمەتە ئەدەبيە زۆر مەسروورم وا ئەوەلّ مەنزومەی بە حورمەتەوە خرايە بەر نەزەری خويّندەوارانی كيرام).

كەواش بيّت ئەی ئەو ناونەهيّنانو فەرامۆش كردنەی (پيرەميّرد) بۆچیو لەپای چی ؟بيّگومان ليّرەدا هيچ جۆرە وەلاّميّكمان لەبەردەستدا نیيە كە سەرچاوەكەی (پيرەميّرد) بیّ يان (گوران) خۆی بيّت يان هەر كەسيّكيّكی تربيّت، بۆيە ناچارين تەنها ئەو بۆچوونەی خۆمان بخەينە

بەردەست کە لەرەوتی مێژووی ژیانی (پیرەمێرد)و (گۆران) خۆیانەوەو لە دوّخ و کەشی سیاسی سەردەمەکەیانەوە هەڵی دەهێنجین ، ئەویش ئەوەیە کە بیرو هەڵوێستی سیاسی و ئایدۆلۆژی (گۆران) لە دوای پەیوەندی کردنی بە پارتی کۆمۆنیستەوە ، هۆکاری سەرەکیە لەو پەردەپۆش کردنەی رۆڵی (پیرەمێرد) لە سەر ژیانە ئەدەبیەکەی(گوران) چونکە نەك لە چلەکاندا بەڵکو لە دوای کۆچی دوایی (پیرەمێرد)یش کۆمۆنیستەکان (پیرەمێرد)یان هەر لە سەنگەرێکی دژ بە بیروباوەرەکەیان دادەنا چونکە لە کتیبیکی سالی (١٩٤٠)ید کە بەناونیشانی (ئاوە رەشەی روسی سور)ە بە ئاشکرا رەخنە لە کومونیستەکان دەگری و لە بەشیکیدا دەلی: ((صەریقەی ستالین لە تەشکیلی ئەم حزبەدا ئەمەیە کە ئەم شیوعیەیە بە دنیادا بلاو نابیتەوە ئیلا لە پیشدا دەولەتیکی زور بە قووەتی بە زورو سام تەشکیل نەکری وئەو دەولەتە شەرو دەعەا نەخاتە ناو ولاتەوەوخوی فرسەت نەبینی بەسەر ئەوانەدا کە لە شەردا ماندوکزوبی هیز ئەبن و ئەیان کا بە ئومەمی رەئس مالی، ئەوسا لەسەر شکستەی داروپەردووی ئەو ئوممەتەسەرمایەی دەستە بەهەشتیکی مارکزی ئەکریتەوەو ئەو مژدەی کارل مارکسە دیتە دی ..))(٢٩) ، جا بۆیە زووربەی کومونیستەکان یان ناویان فەرامۆش دەکرد یاخود کەم بایەخانە لەو رۆڵەیان دەروانی کە لە بزووتنەوەی ئەدەبی و رۆشنبیری کوردیدا بینیویەتی.

هەرچی دەربارەی نازناوی (گۆران)یشە کە گوایە هەر ئەو کاتە – واتە لەگەڵ بڵاوکرردنەوەیەکەم بەرهەمیدا (رەشید نجیب) بۆی داناوە ، بە لای ئێمەوە جێگای گومانە ، چونکە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە (پیرەمێرد) شیعرەکانی بۆ بڵاوکردۆتەوە نەك (رەشید نجیب) ، لە گەڵ ئەوەشدا تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکمان نەهاتۆتە بەر دەست تا ئەوەمان بۆ دەرخات کە ئەو نازناو دانانە (پیرەمێرد)بووە یان (گۆران)خۆی یان کەسێکی تر ، چونکە (پیرەمێرد)یش لەو رووەوە تەنها ئەوەندەی وتووە کە : (قەرار درا بە ناوی موستەعارەوە نەشر بکرێن ).

هەرچۆنێ بێت لێرەداو بە بۆچونی ئێمە دانانی ئەو نازناوە ئاکامی شەیدابوونی بوونی (گۆران)ی شاعیرە بە (مەولەوی)وئەدەبیاتی (زاری گوران)ەوە لە رێگای (پیرەمێرد)ەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە خواست و ئارەزوویەکی دەروونی (گۆران)ی رەنگ پێدراوەتەوە کە ئەویش خۆ دابرینی بووە لە بەگزادەکانی جاف ئەمەش بۆخۆی ئاکامی خۆبینینی (من)ی (گۆران)بووە بەرامبەر(ئەوان)ی بەگزادەکان و پێك نەهاتنی (ئێمە)یەکی سایکۆلۆژی بووە لەگەڵیاندا .

## بەشی سێیەم : (گۆران)ی نوێخواز :

وەك ئاشکرایە هەر کاتێك باس لە بزووتنەوەو رێچکەی نوێخوازی لە جیهانی شیعری کوردیدا بەگشتی و لە تاقیکردنەوە شیعریەکانی (گۆران)دا بە تایبەتی کرابێ راستەوخۆ وتراوە : ( رابەرانی ئەو بزوتنەوەو رێچکە نوێیە بریتی بوون لە شێخ نووری شێخ ساڵح و رەشید نەجیب و گۆران کە بە کاریگەری ئەدەبی تورکی لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا ئەو بزوتنەوەیەیان بەرپا کردو ئەو رێچکەیەیان کردەوە )(٣٠).

جیاوازی‌یـەکی ئـەوتۆش لـە نێـوان ئـەو نووسـەرانەماندا بـەدی نـاکرێ ، مەگـەر ئـەوە نـەبێ کـە پەیوەندی بە رابەری بزووتنەوەکەوە هەبێ کە ئایا (شێخ نوری)یە یان (گۆران)، هەروەها ئەوەشی کە دەربارەی رۆڵی (پیرەمێرد)ە لەو بزووتنەیەدا کە هەندێکیان ناوی دێنن و هەندێکیان فەرامۆشی دەکەن .

بـەم پێیـە هـەموو نووسـەران لـەوەدا یـەکگرتوون کـە ئـەو بزووتنەوەیـە لـە بیسـتەکانی سـەدەی رابـردوودا لـە ژێـر کاریگـەری ئـەدەبی تورکیـدا سـەری هەڵـداوە ، تـەنها ئێمـە نـەبێ لـە لێکۆڵینەوەیەکمانـدا تێروانینێکـی نوێمـان خسـتووەتە بەردەسـت و پوختـەی ئـەو تێروانینـەشمان ئەوەیە کە : (راستە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوودا بزووتنەوەیەکی نوێخوازی لـە سـەر دەستی شێخ نووری شێخ ساڵح بـە کاریگـەری ئـەدەبی تـورکی بـەرپا کـراوەو هـەر لـەو سـاڵانەدا بەتایبـەتیش لـە نیـوەی دووەمـی بیسـتەکاندا کۆمـەڵی شـاعیر روویـان لـەو بزووتنەوەیـە کـرد کـە لـە ناویاندا رەشید نەجیب‌وگۆران لە ریزی پێشەوەیاندا دەبینرێن ، بەڵام بـەلای ئێمـەوە ئـەو رێچکەیە تـا سـەرەتای سی‌یەکان بـری کـردو دوابـەدوای بزووتنەوەیـەکی نـوێترو رێچکەیەکی نـوێتر لـە سـەر دەستی (گۆران) و بە خۆ داماڵین لە کاریگەری ئەدەبی تورکی و بە هاتنە دەرەوە لە باوەشی ئەدەبی تـورکی و بـە چـونەوە نـاو باوەشـی ئـەدەبی کـوردی بەگشـتی و جیهانـە دەوڵەمەندەکـەی شـیعری هـەورامی و دەقـەکانی (مەولەوی)بەتایبـەتی ، کرایـەوە ، هـەر ئـەم رێچـکە شـیعری‌یەش بـوو کـە شاعیرانی تر بە رادەیەك روویان تێ کرد و بۆخوی بووە رێبازێکی شیعری و هەر ئەو رێبازەش بـوو کە بە رێبازی شیعری نوێی کوردی ناسراوە )(٣١).

جا لێرەشدا هـەر ئـەو رایـەمان دەکـەینـە زەمینـەی هـەنگاو نـانێکی زانسـتانەی نـوێ بـەرەو جیهانـە شـیعری‌یەکەی (گـۆران) و هـەوڵ دەدەیـن لـە روانگـەیـەکی سـایکۆلۆژی‌یەوە لـەو هەوڵـەی (گـۆران) بروانین ، بە ئامانجی پەی بردن بە هـەوێنی پێك هێنـانی ئـەو بزووتنـەوە نوێیـە کە بۆخـوی بـووە رێچکەیەکی دیار لە شیعری کوردی سەدەی‌بیستەمدا

سەرەتاش کاتێ پرسیار لەو فاکتەرانە دەکەین کە لەودیو ئەو خواست و هەوڵەی (گۆران)ەوە بوون و بە دوای ئەو کەشە سایکۆلۆژیەدا دەگـەرێین کە بزووینـەرو ئاراسـتە کـەری بـوون لـەو پرۆسـەیەدا ، ناچاردەبین هەوڵی بەدەست هێنـانی ئـەو زانیاریانـە بـدەین کـە دەتـوانن زانسـتانە وەڵاممـان بخەنـە بەردەست ، دیاریشە بەشێکی گرنگ‌وسەرەکی لەو زانیاریانە ئەوانەن کە لە تێروانینەکانی (گۆران) خۆیەوە بەدەست دەهێنرێن،جا تێروانینەکانی راستەوخۆ بووبن یان ناراستەوخۆ.

وەك وتمان لێرەداو وەك سەرەتایەك بەهەمان راستی‌یەوە روو لـەو بزووتنـەوە نوێیـە دەکـەین کـە پێشتر بەدەستمان هێناوەو بریتی‌یە لەوەی کە : ( گۆران) بە هاتنە دەرەوەی لە بازنەی تاقیکردنەوە شیعری‌یەکانی شـێخ نـووری و هەڵکشـان بـەرەو تاقیکردنـەوەیکی نـوێتر ، رێچـکە نویخوازی‌یەکـەی کردەوە )، بەم خۆئاراستە کردنەشمان کۆمەڵی پرسیاری نوێ‌وگرنگ دەوروژێن ، بەتایبـەتی ئـەو پرسـیارانەی کـە دەپرسـن : (گـۆران) کـەی ئـەو هـەنگاوەی نـاوە؟، چـی وای لـە(گۆران) کـرد کـە ئـەو هـەنگاوە بنێـت؟ هـەوێن و بنـەمای ئـەو خۆئاراسـتە کردنـەی چـی بـوون و لـە کوێـوە سەرچاوەیان

گرتووه؟ ، وەك ئاشكراشە ئەو پرسیارانە تا ئێستا لە لایەن لێكۆڵەرانەوە ، وەڵام نەدرانەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی كە كۆمەڵێ راستی دەربارەی رێرەوەی تازەكردنەوەو نوێخوازی شیعری كوردی لە سەدەی بیستەمدا پەیان پێ نەبری ، هەر بۆیە زووربەی ئەو تێروانیناش كە دەربارەی بزووتنەوە نوێخوازییەكە خراونەتە بەر دەست ، ئەگەر سەرجەمیان نەبێت ، لیلوناڕانستانەو دوورن لە راستییەكانەوە.

سەرەتاو كاتێ (گۆران)خۆی لە ساڵی (١٩٥٠)دا ( بەهەشت ویادگار)ەكەی بڵاوكردەوە لە پێشەكییەكەیدا دەڵێت:

(( كۆمەڵە شیعریكە لە دیوانەكەم سەرانسەر لەگەڵ بابەتەكانی جوانی و دڵداری خەریكە ، هەڵبەستی وای تێدایە بیست و پێنج ساڵ بەڵكو زیاتر لەمەوپێش دانراوە هەروەكو هی چەند مانگێك لەمەو بەریشی تیایە بەشی زۆری كۆنەكان بە وەزنی عەروزوە كوردییەكی كۆنی تێكەڵاو بەزمانی بێگانە نووسراون ئسلووبیشیان كونە : یان وەك هی سالم و نالی لەسەر پێ وشوێنی غەزەل هەڵبەستراون یان ئەو جۆرە ئوسلووبەیان تیاكراوە بە سەرمەشق كە مامۆستا(م. نوری)و هاورێكانی لە ئەدیبە تازەكانی توركی عوسمانیان وەرگرت و لە سەردەمێكی سنووردارا (١٩٢٠-١٩٣٠)شیعری كوردی ناوچەی سلێمانیان پێ تازەكردەوە ........ شیعرەتازەكان بەوەزنی پەنجە(هیجا)هەڵبەستراون كە هەرچەند شیعر دۆستەكانی كۆن بەخوێندنەوەی رانەهاتون بەڵام لەبەرئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانە وە لەگەڵ خەصائصی زمانەكەمان چاتر رێك ئەكەوێ بە پێویستم زانی لە ماوەی تەقەلای ئەدەبی خۆما رۆژبەرۆژ بەرەو لایەنی بەكارهێنانی ئەم وەزنە بچم تا لەم چەند ساڵەی دواییدا وەزنی عەروزم بەتەواوی وەلام وایە بۆ ئێجگاری بەرەڵلا كرد مەگەر پێویستییەكی هاندەری تایبەتی رووبدا ..))(٣٢).

جا ئەو راستییانەی كە بۆ ئێرە پێویستن و دەكرێ لەو وتانەی (گۆران) خۆیدا هەڵبهێنجرێ ، ئەمانەن :

أ – تەمەنی شیعری (گۆران) تا ساڵی ١٩٥٠ بە دوو قۆناغی داهێناندا تێپەریوە كە خۆی بەرهەمەكانی ئەو دووقۆناغەی بە (كۆن)و(تازە) لێك جیاكردۆتەوە .

ب – بەرهەمە (كۆن)ەكان دوو چەشنن ، یان وەك خۆی دەڵی دوو شێوازیان تیا پەیرەوی كراوە : شێوازە كلاسیكییەكەو ئەو شێوازەی كە (شێخ نوری) بە كاریگەری ئەدەبی توركی هێنایە ناو شیعری كوردییەوە ، بە واتایەكی تر بەرهەمە (كۆن)ەكان دوو جۆرن : ئەوانەی لاسایی شیعری كلاسیكی كوردیان كردۆتەوە و ئەوانەشی كە لاسایی رێرەوەكەی شێخ نورییان كردۆتەوە .

ج – رێچكە شیعرییەكەی (شێخ نوری)و هاورێكانی تەنها دە ساڵێك كراوە بووە كە ساڵانی نێوان ١٩٢٠ – ١٩٣٠ بووە

د – دوای رێچكەكەی (شێخ نوری) رێچكەیەكی شیعری نوێ كراوەتەوە كە گوران بە تازە ناوی دەبات.

هـ – شەقڵی هەرە دیاری رێچكە (تازە)كەش كە جیای دەكاتەوە لە (كۆن)ەكە بەكارهێنانی كێشی برگەیی بووەو (گوران)خۆی رەنگی هێنانەناوەوەی بۆ رشتووە ، هەر بەو رەنگ رشتنەی كێشە

برگەیی‌یەکەش  لە ڕێچکەکەی (شێخ نوری)جیاکردۆتەوە کە ماوەیەك ئەمیش لە سەر ئەو ڕێچکەیە بووەو: (لەگەڵ شێخ نوری و ڕەشید نەجیب دا پێکەوە ئەیان نووسی و پێکیشەوە کاریگەربوون بە ئەدەبی تورکی )، ئەم خۆجیا کردنەوەیەشی بە رووکردنە کێشی برگەیی ئاکامی ئەوەبووە کە وەك خۆی دەڵێ : ((ئەدەبی تورکی جووڵانەوەی تازەتری لێ دەرکەوت کە تورکەکان لە رووی گیانێکی قەومی‌یەوە ئەهاتن کێشی هەڵبەستە شەعبی‌یەکانیان ئەژیانەوەو لەسەر ئەم کێشانە هەڵبەستیان دائەنا، کە ئەمەش کێشی هیجایە . ئیتر من تەنها بە کۆششی ئەوان _ واتە شێخ نوری‌وهاوڕێکانی _ نەوەستامو وەزنی هیجاشم وەرگرت‌وبەکارهێنا ))(٣٣) .

هەموو ئەو ڕاستیانە دەمانگەێننە ئەو ئەنجامەی کە : ( گۆران ڕێبازو ڕێچکەیەکی شیعریی نوێی کردوتەوە کە جیابووە لە ڕێچکەکەی شێخ نوری ، بۆیە بەهەڵەدا دەچین ئەگەر هەموو تەمەنە شیعری‌یەکەی گۆران لە چوارچێوەی ڕێچکەکەی شێخ نوری‌دا ببینین ، هەروەك سەرجەمی نووسەرانمان دەیبینن‌و کەوتوونەتە ئەو هەڵە گەورەیەوەو تا ئێستاش ئەو تێروانینە هەڵەیە دووبارە دەکەنەوەو ڕاستەوخۆ گۆران لە بازنەی ئەو ڕێچکەیەدا دادەنێن کە شێخ نوری لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا کردوویەتی‌یەوە)،سەرچاوەی ئەو هەڵەیەش لە (ڕەفیق حلمی)یەوە دەست پێ دەکات کاتێ دەڵێ : ((ئەوانەی کە ئیمڕۆ خۆیان بە دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری تازە ئەژمێرن ئەبێ بزانن کە یەکەم بەردی بناغەی قوتابخانەکەیان لەلایەن نووری شێخ صالحەوە دامەزرا))(٣٤).

مایەوە ئەوەی کە دەشێ لێرەدا ئەو پرسیارەش ڕووبەڕوومان بکرێتەوە کە : ئەگەر (گۆران)یش لە ژێر کاریگەری ئەدەبی تورکیدا ئەو هەنگاوەی نابێ‌و ڕووی لە کێشی برگەیی کردبێ ، چی تر جیای دەکاتەوە لە ڕێچکەکەی شێخ نوری و بۆ دەبێ ئەویان بە (لاسایی)کەرەوەی ئەدەبی تورکی دانری‌و ئەوەی گوران بە(نوێ) ؟ .

لە ڕاستیدا (گۆران) خۆی تا ڕادەیەك ڕێگای بۆ خۆش کردوین بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کاتێ دەربارەی بەکارهێنانی کێشی برگەیی لە بنیاتنانی دەقی شیعریدا وەك ڕێچکەیەکی نوێ ، دەڵێ : (( هۆی گرنگی ئەم ڕێچکەیە لە لایەن بوێژە تازەکانەوە بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتی‌یە لەناو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا دەستێکی گەورەی تیا هەیە لە سەرەتای ئەم سەدەی ئێستا و لەناو تورکە عوسمانی‌یەکاندا جوڵانەوەی تورکاندن (تتریك)ی هەموو دەزگاو ڕواڵەتەکانی کۆمەڵایەتی کەوتبوونە گورسەندن‌و تێکوشین هەتا بڵێی گەرم بوو بۆ گورینی ئەلفوبێ و بو بژارکردنی زمانی تورکی بۆ بادانەوە لە هەڵبەستا لە کێشی عەرووزەوە بۆ ئەو کێشە تورکی‌یە گەلانی‌یە کە عوسمانی‌یەکان خۆیان کێشی  پەنجە یان کێشی هیجایان پێ ئەوت ، ئەم تەقەلایە گۆڕانێکی سروشتی بوو کە سەرنجی ڕۆشنبیرەکانی کوردی ناو سنوری دەوڵەتی عوسمانی ڕاکێشێت ئەمانیش هەر لەو سەردەمەوە وردەوردە کەوتنە بایەخدان بەم باری سەرنجە تازەیە بەرامبەر بە بەرژەوەندی نەتەوایەتی (مصالحی قومی) و ژیانی کۆمەڵاتی بە تایبەتی بوێژەکان لەماوەی بۆ لوانیا بە سوری (گەرمی) دەستیان دایە چاوگێران بە شوێن کێشی تایبەتی نەتەوەیی کوردا ئەمانە

بۆ گەیشتنی زوو بە ئامانج لە لایەکەوە فۆلکلۆرە رەنگینەکەی گەلی کورد بەگشتی لە لایەکی ترەوە کێشە دە برگەیی‌یەکەی هەڵبەستی گۆرانی (شێوەی زمانی گۆران ) بە هونەرە بەرزە جوانەکەی (مەولەوی)یەوە رێگای ئارەق رشتنی بۆ ئاسان کردن لە چاو نالەباری زرووفا لەسەردەمی چەند دەستە ساڵێکی کەما هەم چەشنی جۆرێکی کێشی نەتەوەیی رەسەن (اصیل)دوزرایەوە هەم لە رێگای لێکدانی ئەوانەوە چەند جورێکی (تازە داهاتویش) هێنایە کایەوەو لەم رێگایەوە لە زمانی کوردیدا تا رادەیەك لەسەر بنەرەتی کۆنی ناو گەلی رێچکەی دووەم کرایەوە ))(٣٥) .

جا وەك دەردەکەوێ (گۆران) لێرەدا کاریگەربوونەکەی شاعیرانی کورد بەو رێچکە نوێیەی شیعری تورکی‌یەوە کە خۆی لە کێشی عەروزی داماڵاندووەو رووی لە کێشی نەتەوەیی خۆیان کردووە کە بە کێشی(پەنجە)یان (هیجا)نابراوە ، بە (سەرنج راکێشان)ناودەبات نەك (لاسایی کردنەوە) ، بەو پێیەی هەوێنی ئەو رێچکە نوی‌یەی شیعری تورکی کە بوژانەوەی هەستی نەتەوایەتی بووە لەناو گەلی کوردیشدا هەوێنێکی گەرمو گور بووەو بایەخدان بە بەرژەوەندی نەتەوەیی‌یانی پێ مەیێنراوە ، کەواتە کاریگەری‌یەکەی ئەدەبی تورکی لەو قۆناغەدا لە سەر (گۆران) تەنها بەرچاو رۆشنکردنەوەبووە نەك لاسایی کردنەوە ، چونکە ئەگەر لاسایی کردنەوە بوایە ئەوا دەبوو راستەوخۆ روو لە بەکارهێنانی ئەو جۆرانەی کێشە برگەیی‌یەکە بکات کە شیعری تورکی بەکاری دەهێنان بە تایبەتی کێشی (دوانزە)برگەیی کە بەکێشی نەتەوایەتی شیعری تورکی دادەنرێ ، دیارە ئەمیش نەك هەر ئەوەی نەکرد بەڵکو وەك خۆی دەڵێ پاش چاو گێران بە دوای کێشی نەتەوایەتی دا ، لە دوو سەرچاوەدا ئەوکێشە نەتەوەیی‌یەی خۆیانی دۆزیی‌یەوە کە شیعری فولکلۆری کوردی و شیعری هەورامی بوون بەتایبەتی کێشی (دە)برگەیی کە بە کێشی نەتەوایەتی ناوبراو بۆخوی دیارترین کێش بوو کە (گۆران) هەرلەسەرەتاوە رووی تێ کردووە ، ئەمە سەرباری ئەوەی کە چەند کێشێکی نوێشی دۆزیوەتەوە ، مایەوە ئەوەی بڵێین بۆیە (گۆران)لەو باسەیدا لە سەر ئاستی هەموو بەشەکانی کوردستانیش قسە دەکات ، چونکە ئاگاداری ئەوە بووە کە کاتێ رووی لە کێشی برگەیی کردوە هەر لەو کاتەشا (( لە سوریە کامەران بەدرخان‌و قەدری جان لە رووی هەستێکی نەتەوایەتی‌یەوە هەڵبەستی هیجائیان داناوە لە گۆڤاری (هاوار)بڵاویان ئەکردەوە ))کە سەرەتای سی‌یەکان بووە ، بۆیە بە (کۆ)دەدوی ، ئەگینا بەلای ئێمەوە لە بازنەی کرمانجی خوارووداو – جگە لە کێشە دە برگەیی‌یەکە– (گۆران)خۆی بناغە دانەرو پەرەپێدەری بەکارهێنانی کێشی برگەیی بووە لە شیعری کوردیدا.

بەم پێیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە : روو کردنە کێشی برگەیی لەلایەن (گۆران)ەوە ئەنجامی گەران بووە بە دوای رەسەنایەتی داو ئاکامی هەوڵی (گۆران) خۆی بووە لە پێناو داماڵینی سیمای ئەدەبی تورکی لە شیعری کوردی بیستەکانی سەر بە رێچکەکەی (شێخ نوری)و بەخشینی شەقڵی کوردانە بە شیعری کوردی لە کرمانجی خوارودا ، دیاریشە کە دەی زانی ئەو شەقڵە کوردانەیە تەنها بە روو کردنە کێشی برگەیی بە دی نایەت بۆیە رووی لە گۆرینی قافیەو زمانی شیعری‌و وێنەی شیعریی‌و چێژی شیعرییش کرد تا پەری‌یەکی شیعری کوردی پێ لە دایك بێت.

وەك وتمان (گۆران) ئەو هەوڵەی خۆی بۆ بەکارهێنانی کێشە برگەیی‌یەکە، لە ناو هەوڵی هەموو

شاعیران‌و رۆشبیرانی کوردا دەبینی ، ئەمەش بەلای ئێمەوە نابێتە تاکە وەڵام‌ودوا وەڵامی ئەو پرسیارەی کە پێشتر وروژانمان‌و دەپرسیٚ کە چی وای لە (گۆران)ی شاعیر کرد تا روو لە رەنگ رشتنی بزووتنەوەو رێچکەیەکی شیعری نویٚ بکاتەوە کە لەو سەردەمەدا موجازەفەیەکی شیعریی بووەو درز کەوتنە ناو (ئێمە)ی کەشە ئەدەبی‌یەکەشی لیٚ دەکەوێتەوە ، ئەو کەشەی کە هەموو داهێنەرێك هەوڵی پێك هێنانی دەدات ؟.

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە سەرەتا روو لەو نامەیەی دەکەین کە بۆ (پیرەمێرد)ی ناردووەو(٣٦) لەبەر گرنگی‌یەکەی ناچارین وەك خۆی بیخەینەوە بەردەست‌و پاشان ئەو راستیانەی لیٚ هەڵێنجین کە دەتوانن بە پیٚی رێبازەکەمان زانستانە وەڵامی ئەو پرسیارەیان پیٚ بدرێتەوە :

هەڵەبجە

١٩٣٢/٤/٤

ئوستادی موحتەرەم :

رەنگە لەبیریشتان چوبێت: هاوینی رابردو ، لە دوکانی حەمەئاغای عەتار بە مولاقاتێکی بچوکتان فەیزی گەورەم چنگ کەوت، بەرانبەر بە مەلەکەی شیعرم لە چمنی تەشویقا موتەفائل دیار بوون هەرچەن ئەم ئیلتفاتەم حەرفی یەن بە جیددی وەرنەگرت بەڵام چونکە لەشەخسیکی سەلاحی یەتدارو تەجروبە دیدەی شیعرەوە صادر بووبوو حاشا ناکەم قووەتێکی موئەسیری بەهیوام بەخشی زاتەن پێش ئەوەش مەفتوونی(پەری شیعر)بووم ئینجا بەهەموئیشتیهایەکەوە تێی ئاڵام کە هەر ساتە بە رەنگێك لە شکلی ئەوا دێتە پێش چاوم.

حاصلی چ ئەو بێت چە شەیتانێك لە شکلی ئەوا بەرامبەر بە خوێنێکی زۆری جگەرم دڵی نەرم بوو چەن جارێك خۆی تەسلیم کردووم ، بەری ئەم عەشقە ئاگرینە چەن رۆڵەیەکە هیچیان لە هیچیان ناچن، و هەر یەکە خوێنێکی جیاوازیان بە لەشا ئەگەرێت بەعزێکیان دلۆپێك چی یە خوێنی کوردیان تیا نیە بەڵام کەم و زۆر جەرەیانێکی پەری پەتی لەناو دەماریانا هەیە بەعزێکێشیان بە عەکسەوە.

لەم رۆژانەدا لەدەمی خۆرکەوتنا لەناو مەنزەرەیەکی جوانی بەهارا ئاخیر بێچومان هاتە دنیا بەخوێن بەکاڵا بە باڵا لە بێچکەی کورد لە رۆلەی پەری ئەچو.. لە خۆشیانا وەختەبوو گەشکەم پیٚ بگات... نەختێك یان گەلێك لاواز بوو.. مع ما فیهی لاوازی لای من مەتلەب نەبوو من تەلسمی سك و زای شیعرم ئەویست شیعری کوردیم بۆ ساغ بێتەوە

ئا بە شەوقی ئەم ئاوات و ئەحلامە شیرینەوە – کە لە پاش تاریکستانی (گومرایی) وەك نووری ئیمان روحی لە ئەشکەنجە ئازاد کردم – کەوتمە ناو کۆڵانەکانی هەڵەبجە .. بە تەما بووم شەهادەتنامەی جنسیەت بۆ ئەم جگەر گۆشە عەزیزەم بە هەیئەتی ئیختیاری‌یەی (وڵاتی خەیال ) تەصدیق بکەم ...

هەیهات ! ..... هەیئەتی ئیختیاریە بە جلی بێگانەوە نەبیٚ پەری زادە ناناسنەوە

وتیان پۆیلانەی موتەنەبی و مەعەری عەرەب ، مجەوهەراتی حافزو سەعدی عەجەم ، متوو

مووررووی نەفعی و باقی تورکی پێوە نی یە..
لەبەر ئەوە ( تەبیعی) لە ڕەونەق و جازیبەی جەمال مەحرومە..
ئەتوانین بڵێین هیچ وێنەیەکی لە پەری شیعر و خەیاڵ ناچێ !
هەروا سەرم سورما .. چەن جارێکی تر بە سکەی قەڵب و نارەواج بە دراوی بێگانە(ئەشهەدوبیلا)م لەم زاتانە کریوە نازانم ئەوان سکەی ساغ ناناسن یا من حەقایق پێچەوانە وەر ئەگرم ؟
بەشکو ئەوان موصیب بن ؟ بەشکو من عیللەتێکی نەفسیم لە گەڵ بێت سەلامەتی فکرو زەوقی تێك دابم ؟!.. بەشکو من لە ڕیگای زەڵالەت بم...
شەیتانێکی فاحیشە بە عەشقێکی حەرام بە عەشقێکی سەفیلی ملەوەس ئیغوای کردبم؟ ئەفسووس .. عومری جوانیم خەسارگیرا لە پێناوی عەشقێکا کە مایەی هەیکەلی موقەددەسی خاترەی حەرامزادەیەك دەرچوو!..
بە دەم ئەم چەشنە موجادەلەوە لە بەینی یەئس و تەرەددودا بیابانی خەیاڵم گرتە بەر نازانم کەمم پشکنی؟زۆرم پشکنی؟ئەوەندە ئەزانم لە پڕ بەرامبەر بە مەنزەرەیەکی علوی حەپەسام لە جێ ی خۆم – هەروەك مێخ – داچەقیم لە سەر یاڵێکی بەرزی سەوز پڕ گوڵاڵە داوێن دارستان لە ژێر سێبەری ڕەنگاو ڕەنگی چەن پەڵە هەورێکی تەنك تەنکا دەروێشێکی نوورانی بەرامبەر بە ڕۆژ ڕاوەستا بوو پڕ بە دوڵەکەی بەردەمی – کە چەمێکی گەورەی پێچ پێچۆکەی هاژە هاژ پیا ئەکشا– پەپولەی هەزار تەرحە ئەجریوایەوە هەزاران بێچوە پەری بە دەوروو پشتی سەریا هەڵفر هەڵفریان بوو کە هەریەکە ئەوەندەی کۆترێکی تەقلە باز ئەبوون بەڵام گەلێ جوانتر بوون ورشە ورشی پەپولەیان گەلێ زیاتر بوو دەستی ڕاستی عاسایەکی پرشنگاوی درێژی پێ گرتبوو بە دەستی چەپیش دڵێکی لاوی خوێن گەرم و پڕ نەبزی بەسنگی خۆیەوە نوسانبوو – پرچێکی خاوی درێژ وەك چوری شیر بە سەر شان و ملیا پەخشان بوو بوو ڕیشیکی سپی سپی سەرسنگی لەگەڵ بەشێکی زۆری دڵە جوانەکەی باوەشی داپۆشی بوو.
دەستی عاساکەی لێ هەڵتەکانم بە هەراکردن ملم نا بوڵای لە پاش زیارەتی داوێنی کەوڵەکەیبە خشوعێکەوە پرسیم
قوربان بێ ئەدەبی نەبێ – ئێوە کێن؟ بە زەردە خەنەیەکی شیرینەوە جوابی دامەوە :
قەلەندەر
ناسیم.. ئیتر حاجەت نەما بە پرسین لە مەعنای عاساکەی دەستی دڵە تازەکەی باوەشی، ڕاوەستانی لە ناو ئەم مەنزەرە شاعرانەدا..گورج پەلی هەتیوە بەد بەختەکەمم گرت و فرێم دایە بەر پێی ..دەستم کرد بە باخەلما صورەتی شەهادەتنامەکەم دەرهێنا – کە ئیمزا نەکرا بوو – و تەقدیمم کرد .. بە ئیصرارێکی ئیسترحام کارانەوە دەستم کرد بە لاڵانەوە:
تو ئەم جێگا موقەددەسە تو ئەو شیعارانەی بە هەردوو دەست گرتووتن هەرچی ڕاستە ئەوەم پێ بڵێ .
ئەم هەتیوە حەڵاڵ زادەیە یان حەرامزادە؟ ئەگەر حەڵاڵ زادەیە با نەجاتم بێت لە دەست ئەشکەنجەی وەسوەسە ئەگەر حەرامزادەشە با جەرگی دایکە فاحشەکەی بسووتینم زیندە بە چاڵی

کەم.
لەو حەلەوە بە ئاگری چاوەنواری ئەتویمەوە ئاخۆ کەی بێ (حوکمی قەتعی) لە قەلەندەری موحتەرەم ببیەم؟

عەبدوڵلا سلێمان
هەڵەبجە

وەك دەردەکەوێ ئەم نامەیەی (گۆران) بە هەشت نۆ مانگێك دوای بینینی (پیرەمێرد) لە سلێمانی نووسراوە ، واتە دوای ئەوەی لەلایەن (پیرەمێرد)ەوە ڤیزەی چونەناو وڵاتی شیعری پێ بەخشراو دوو بەرهەمیشی بۆ بڵاوکردبووەوە
دیاریشە کە نەك هەر نامەیەکی ئاسایی نی‌یە بەڵکو دیکۆمێنتێکی ئەدەبی و رەخنەیی هێندە گرنگە کە دەلالەتی هەمەجۆری لێ هەڵدەهێنجرێ ، بۆیە ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین بەپێی سنوورو ئامانجی باسەکەمان ئەو راستیانەی لێ بە دەست بێنین کە پێویستمان پێیانە.
سەرەتا ئەوەی راستەوخۆ دەردەکەوێ ئەوەیە کە نامەکە بۆخوی دەرهاویشتەی حاڵەتێکی نوێی لەت بوونی (ئێمە)یەو هەوڵێکی تری (گۆران)ە بۆ پێك هێنانەوەی (ئێمە)یەکی نوێ .
ئەو (ئێمە)لەت بووەش ، ئەو( ئێمە)یە بوو کە دوای بینینی (پیرەمێرد) لە سلێمانی بۆ (من)ی (گۆران)پێك هاتبوو، (ئێمە)یەك کە شیعردۆستانی هەڵەبجەشی گرتبووەوەو کەشە ئەدەبی‌یەکەی بۆ (من)ی (گۆران) کەشێکی سایکۆلۆژی ئارام بووەو رووبەرووی حاڵەتی (من – ئەوان)نەبووبووەوە ، بەڵام وەك دەردەکەوێ لەو ماوەیەدا، بە تایبەتی لە بەهاری ١٩٣٢دا جارێکی تر ئەو کەشە سایکۆلۆژیە ئارامەی کە بۆ (من)ی (گۆران)رەخسابوو تێك دەچێتو (گۆران) بەرەو بارێکی سایکۆلۆژی نائارام دەبات ، جا با بپرسین بۆچی و چۆن؟
ئەوەی لە ئاستی سەرەوەی نامەکەدا دەبینرێ ئەوەیە کە (گۆران) باوەشی چێژڵێ وەرگرێك نادۆزێتەوە تا بەرهەمێکی تازە لەدایك بووی لێ وەرگرێ ، ئەو باوشەی کە هەموو داهێنەرێك راستەوخۆ دوای لەدایك بونی بەرهەمەکەی بە دوایدا دەگەرێ هەروەك لەبەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەدا بەڵگەمان بۆهێناوەتەوە ، جا ئەوەتا لای( گۆران)یش پرۆسەی داهێنانەکەی تەنها بە کۆتایی هێنان بە بنیاتنانی دەقەکەی کامڵ نابێت تا ئارامی کات ، هەر بۆیە روو لە شیعردۆسانی وڵاتی خەیال دەکات تا بە پەسندکردنیان دەروونی ئاسوودەبێت ، بەڵام وەك دیارە کەسێك نادۆزێتەوە تا ئەو ئاسوودەیی‌یەی پێ ببەخشێ ، ئا لێرەوە (ئێمە)ئەدەبی‌یەکە درزی تێ دەکەویٚتو(من – ئەوان)ی لێ دەکەوێتەوە بۆیە دەڵێ: (نازانم (ئەوان)سکەی ساغ ناناسن یا (من) حەقایق پێچەوانە وەرئەگرم )
لێرەداو ئەگەر رووەو ئاستی قوڵی ئەو دەربرینانەی (گۆران) شۆرببینەوەو زیاتر بچینە ناوەوەی نامەکە لەلایەك و هەڵویستە لە سەر( من)ی(گۆران)و(ئەوان)ی (شیعردۆستوچێژی وەرگر) لەلایەکی ترەوە بکەین دەتوانین کۆمەڵی راستی هەڵێنجین.

وەك دیارە (من)ی (گۆران) لەو قۆناغەی تەمەنە شیعرییەكەیدا نە ئەو(من)ە گۆشەگیرەی پێش سییەكان بووە كە لە پەراوێزی كۆرو دانشتنە ئەدەبییەكاندا خۆی دەبینییەوە ، نە ئەو(من)ەش بووە كە لە هاوینی ١٩٣١دا بە شەرمەوە شیعرەكانی بو( پیرەمێرد) خوێندۆتەوەو دوودڵ بووە لە بڵاوكردنەوەیان ، بەڵكو لێرەدا (من)ی شاعیرێكە دەیەوێ رووەو داهێنانی نوێ هەڵكشێ و رێچكەیەكی نوێ لە بەردەم شیعری كوردیدا بكاتەوە ، دەنگی (من)ی داهێنەریكی وەك (شللی)یە كە وتویەتی: ((بلیمەتی راست خۆی لە هەموو چل‌وچەوێلێكی كۆن دائەمالێنێ ))(٣٧) دەنگی (من)ی (گۆران)ێكی نوێیە كە نەك هەر دەیەوێ شەقڵی كلاسیكی لە شیعری كوردی دامالێنێ بەلكو رووەو شكاندنی ئەو بازنە شیعرییەش بووەتەوە كە شێخ نوری بەكاریگەری ئەدەبی توركی لە بیستەكاندا كردبوویەوە ، هەربۆیە نە شیعردۆستانی كلاسیكییەكەو نە چێژڵی وەرگرانی رێچكەكەی شێخ نووری كە پێشتر چێژ لی وەرگری ئەو شیعرانەی ئەمیش بوون كە لەو دوو جیهانەی شیعری كوردیدا لە دایك بوون و لەگەلیاندا (ئێمە) یەكیان بو (من) ی (گۆران) پێك هێنابوو ،باوەشیان نەگرتەوە بۆ ئەو بەرهەمە نوێیەی‌و پەسەندیان نەكردووە ، بەمەش (ئێمە)كە تووشی لەت بوون بووەو( گوران) ی وەك ئەندام لی ٚدوورخراوەتەوەو حالەتی (من – ئەوان)ی بو (گوران) لێ كەوتووەتەوە ، وەك وتیشمان لە حالەتی وادا (من) ی داهێنەر دەكەویتە دۆخێكی نا ئارام‌و دەیەوێ ئەو حالەتە برەوێنێتەوە و (ئێمە )یەكی نوێ پێك بێنێتەوە ، هەر بۆیە راستەوخۆ روو لە( پیرەمێرد) دەكاتەوە تا لەو نا ئارامی‌و دڵەراوكێ یە رزگاری بێت ٠

بەم رەنگە جارێكی تر (گۆران) روو لە قەلەندەرخانەكەی( پیرەمێرد )دەكات و تا لەوێ (شەهادەت نامەی جنسیەت)بو ئەو رۆڵە شیعرییە نوێ‌وتازە لە دایك بووەی دەربینی، دیارە ئەم چەشنە خو ئاراستە كردنەی (گۆران )بەرەو( پیرەمێرد )بزوێنەرێكی سایكولوژی لە پشتەوەیە هەربۆیە لە جێی خویدایە كە بپرسین بۆ رووی لە( پیرەمێرد) كردۆتەوە ؟ خۆدڵنیا نەبووە لەوەی كە( پیرەمیرد) ڕاستەو خۆ ئەو بەرهەمە نوێیەی پەسەند دەكات بۆیە داوای لێ دەكات كە (چی راستە ئەوەی پیێ بڵێ ) ؟

دەشێ لێرەدا ئەو وەڵامە پەسند بكری كە بەلایەوە مادام پێشتر( پیرەمێرد) نەك هەر پردی پەرینەوەی بۆ ناو جیهانی شیعرلە بەردەم( گۆران)دا كردۆتەوە بەڵكو پلەو پایەیەكیشی لەناو ئەو جیهانەدا بۆدیاری كرد بەوەی كە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆیەتی ، بۆیە ئاسایی بووە كە روو بكاتەوە (پیرەمیرد )، لەگەڵ ئەوەشدا بەلای ئێمەوە ناكرێ بە دوا وەلآم دابنرێ چونكە ئەمجارەیان (گۆران) بە دەقێكەوە رووی تێدەكات كە بەلای (پیرەمێرد)یشەوە تاقیكردنەوەیەكی شیعری نوێ بووە بەو پێیەی ئەو دەقانەی كە پێشتر( پیرەمیرد) بینیبوونی‌و پەسەندی كردبوون‌و بلآوی كردبوونەوە بۆی كە برییتی بوون لە (شەوێكی بەهار، سەوزەگیای پاین)لە مانگی ئابی ١٩٣١داو (ئەی نەی ، سكالآ ، شیوەنی گولآڵە، دەرویش عەبدوڵلآ، گوڵی كەم خایەن ، بۆ رۆحی سالم)لە ماوەی ١٩٣٢/٤/٢٨ تا ١٩٣٢/١١/٢٤ تەنها (سەوزە گیای پاین)ەكەی لەسەر كێشی برگەیی یە ئیتر ئەوانی تر هەموویان لەسەر كێشی عەروزین ، هەڵگری سیماو شەقلی رێچكەكەی (شێخ نووری)ن ، واتە هیچ دەقێ لەو دەقانە هەڵگری هەوێنی رێچكەشكێنی نەبوون تەنانەت (سەوزە گیای پاین)ەكی

با له سەر کێشی بڕگەیش بووبێ چونکە هەروەك لە پێشکەشکردنەکەیدا دیارە کە(بۆ گیانی بەرزی مەولەوی)یە بۆخوی لە بەدەست هینانی هەوێنێکی شیعری تێنەپەڕیوە لەو جیهانە شیعرییەی مەولەوی کە( پیرەمیرد) ڕەنگی ئاشنایەتییەکەی بوڕشتووە( پیرەمیرد)یش خوّی پێشتر هەر لەو جیهانەوە هەوێنی کێشە بڕگەیی یەکەی بەدەست هێناوەو لە بیستەکاندا لە سنوورێکی تەسکدا سوودی لێ بینیوە ٠

بەم پێیە بەلای ئێمەوە سەرباری پەنا بردنە بەر کێشە برگەیی یەکە دەبێ ئەو دەقەی ( گۆران) کە لە نامەکیدا باسی دەکات هەڵگری کۆمەڵی بنەمای تری ڕەسەن بووبێ کە هیچ نەبێ لە (سەوزە گیای پاین)ەکەشی نوێترو کوردانەتربێت بەو پێیەی لە سەوزە گیای پاییزەکەیدا کۆمەڵی وشەودەربڕین بە زەقی بەرچاو دەکەون کە لە فەرهەنگی شیعری کلاسیکییەوە بەدەست هێنراون وەك (بەدیع ، سەما ،مەستی بادە،غەرقی تەئەممول، بای قودسی عیسا دەم ، ما جەرا، فەرەحاوی،قەرار)(٣٨) کە ئەمانە بەلای( گۆران) خۆیانەوە کالآی کوردی نین هەربۆیە لە نامەکەیدا دەڵێ : ((لەم ڕۆژانەدا لەدەمی خۆرکەوتنا لەناو مەنزەرەیەکی جوانی بەهارا ئاخیر بێچومان هاتە دنیا بەخوێن بەکاڵا بە باڵا لە بێچکەی کورد لە ڕۆڵەی پەری ئەچو.. لە خۆشیانا وەختەبوو گەشکەم پێ بگات... نەختێك یان گەلێك لاواز بوو.. مع ما فیهی لاوازی لای من مەتڵەب نەبوو من تەلسمی سك و زای شیعرم ئەویست شیعری کوردیم بۆ ساغ بێتەوە)).

بەم پێیە لێرەدا پرسیارێکی گرنگتر رووبەروومان دەبێتەوە ئەویش ئەوەییە کە دەپرسێ : ئەو دەقەی( گۆران) کام دەقەیە کە (تەلیسمی سكوزای شیعری کوردی )پێ کردوّتەوەو خستویەتی یە بەردەستی( پیرەمێرد) تا بڕوانامەی ڕەسەنایەتی پێ ببەخشێ؟.

بێگومان وەڵامی ئەو پرسیارەش نە لەبەر دەستدایەو نە دێتەبەردەستیشمان چونکە نە لەگەڵ نامەکەی (گۆران)دا باسی لێ کراوەو نە دەقەکانی(گۆران)یش مێژووی لە دایك بوونیان تۆمارکراوە ، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بەسەر ئەو پرسیارەدا تێپەرین و بی وەڵام بەجێی بێڵین بۆیە بە پێی توانا لێرەدا هەوڵی دۆزینەوەی ئەو دەقە دەدەین و هیواداریین بگەینە ئەنجامێك ٠

سەرەتا دەتوانین ئەوە بڵێین کە دەبێ سیمایەکی ئەو دەقەی (گۆران) ئەوە بووبێ کە لەسەر کێشی برگەیی بووە ، بەم پێیەش بێ نابێ هیچ یەکێ لەو دەقانەی بێ کە لە ساڵی ١٩٣٢دا لە ڕۆژنامەی ژیاندا بڵاوکراونەتەوەو لەسەر کێشی عەروزین ، هەرچی(ئاواتی دووری)و (ئیلهامی هاوار)و(ئەی گەلاوێــژ)ن کــە لەهــەمان ســاڵدا لــە گۆڤــاری (هــاوار)دا بڵاوکراونەتــەوە ، ئــەوا لــە یەکەمیانــدا هەردووکێشی عەرووزیوبرگەییەکەی ئاوێتەکردووەو دووەم کە ئەگەرچی کێشەکەی برگەییە بەڵام دیارە کە وەك بابەت تایبەتە بە گۆڤاری هاوارو نەوەی بەدرخانییەکانەوە سێیەمیشیان لەسەر کێشی عەرووزییە ،بۆیە ناشێ هیچیان بەو دەقەی دابنرێن کە بووەتە هۆی نووسینی ئەو نامەیە بە(گۆران).

کاتێ روو لەو بەرهەمانەشی دەکەین کە بڕگەیین وهەر لەسییەکاندا لە رۆژنامەوگۆڤارەکاندا بڵاو کراونەتەوە نەمانتوای بگەینە هیچ ئەنجامێك هەربۆیە رووومان کردە دیوانەکەی (گۆران) ، بە

سـەرنجدانێکی ورد لێـی تێبینیـەکی سـەرنج راکێشـمان هاتـە بەردەسـت ئـەویش ئەوەیـە کـە لە(بەهەشت‌ویادگاروفرمیسك‌وهونەر) ەکەیدا کە لە ساڵی ١٩٥٠دا و لە ژیانی خۆیدا بڵاوکراونەتەوە دەقەکانی (شەوێکی بەهارو سەوزەگیای پایزەکەی کە ساڵی ١٩٣١ (پیرەمیرد) بڵاوی کردبوونەوە بۆی‌و (ئـەی نـەی) و (ئـەی گەلاوێژ)ەکـەی کەلـە ١٩٣٢دا بڵاوکراونەتـەوە ، نـابینرێن ، بـەڵکو لـە (سروشـت‌ودەروون) ەکەیـدا بڵاوکراونەتـەوە کـە سـاڵی ١٩٦٨ی‌چاپ کـراوە ئـەم تێبینیـیـەش بـۆ ئەوەی بردین کە مەرنج نی‌یە ئەو دەقەی ئێمە بەدوایدا دەگـەرێین لـە نـاو ئـەو دەقانەیـدا بن کـە لـە (بەهەشت‌ویادگار)و (فرمێسك‌وهونەرەکەی لەگەڵ دووهاوینەگەشت)ەکەیدا بڵاوکراونەتەوە ، بەڵکو دەشێ لە (سروشت‌ودەروون )ەکەیدابن مادام بەرهەمی ئەو دوو ساڵەیان تێدایە واتـە ١٩٣١-١٩٣٢ ، جا کاتێ جارێکی تر روومان لە دەقەکانی ناو(سروشت‌ودەوون)ەکەی کردەوە ، راستەو خـۆ ئـەو دەقەی کەبەناونیشانی (دیمەنێکی بەهار)ە سەرنجی راکێشاین‌و بەهۆی ئـەم تێبینیانـەی کـە لێمـان هەڵێنجا بۆ ئەوە چوین کە ئەم دەقە ئـەو دەقەیـە کـە (گۆران) لـە نامەکەیـدا باسـی دەکـات ، ئەمـەش دەقی (دیمەنیکی بەهار)ەکەیەتی(٣٩) .

ئەم لا یەك پەڵە ئەو لا یەك پەڵە هەوری رەنگاو رەنگ
لە ناوەراستا بە دەم ئاسۆوە رۆژی شۆخ‌و شەنگ
سەوزەگیا پاراو گوڵ‌و گوڵاڵە مەستی رەنگ‌و بۆ
درەخت تازە شین سەر رازەوەی گوڵ ، گەڵا، چرۆ
سەرتاپای چیمەن دەرئەدا چین چین مرواری ئاونگ
چەشنی تارای سەوز ئەدرەوشێتەوە لێی ئەتکێ پرشنگ
نەسیمی بۆن خۆش، کزەبای فێنك ،وەك نەوای ئیلهام
سەمای جوانی پەریی تەبیعەت دێنێتە ئەنجام
قاسپە قاسپی کەو نەغمەی چۆلەکەو بلبلی دەنگ خۆش
پیاڵەی نەشئە حەتتا بەروحی بەردیش ئەکا نۆش
وەك بگری بەکوڵ دنیای سەرمەستی قاقای پێکەنین
لە هەموو عاستێ فرمێسکی کانی گەرمی هەڵقوڵێن
* * *

مەلی سەربنچك پەل‌وپۆ رەنگین خۆ من هەڵۆ نیم
لێم مەفرن جووت جووت مەترسن ئاخر پێتا بڵێم چیم
منیش وەك ئێوە لە دنیای گەورە گەردێکم بچووك
حەتتا ناشتوانم بفرم بخوێنم بە باڵ بە دەنووك
بەڵام وەك ئێوە لە دلما ئەگرێت مەیلی سەربەستی
ئەمەش ئایینم وەك ئایینتانە هەردە پەرستی

تێبینیەکانیش ئەمانەن :

١- ئەو وێنانەی کە کۆپلەی یەکەمی دەقەکەیان چنیوە بنیاتنراوی ئەندێشەیەکن کە راستەوخۆ جوانیەکانی سروشت لە ئێوارەیەکی بەهاردا بزواندویانە نەك ئەندێشەیەك کە هەوێنەکەی یادگارو بیرەوەریـەکان بێـت ، واتـە زەمـەنی لـەدایك بـوونی دەقەکـە هـەمان زەمـەنی بینینـی راسـتەوخۆی جوانیەکانی دەورووبەرە لەو ئێوارەیەی بەهاردا کە (گۆران) لە نامەکیدا باسی دەکاتو دەڵـێ: (لـەم رۆژانەدا لەدەمی خۆرکەوتنا لەناو مەنزەرەیەکی جوانی بەهارا ئاخیر بێچومان هاتە دنیا ).

٢ – ئەو وێنانەی کە بەشێك لـە نامەکـەی پـێ چنیون بەتایبـەتی لـەو شـوێنەدا کـە دەڵـێ :( لـە سـەر یاڵێکی بەرزی سەوز پر گوڵاڵە داوێن دارستان لە ژێر سێبەری رەنگاو رەنگـی چـەن پەڵـە هـەورێکی تەنك تەنکا دەروێشێکی نوورانی بەرامبەر بە رۆژ راوەستا بوو ) ، هەر ئەو وێنانەن کە لەو دەقەیـدا دەبینرێن و کەشی دەقەکەیان بنیاتناوە.

٣ – بەشێك لـە سیماو شـەقڵی کوردانـەی ئـەو دەقـە کـە (گـۆران) خـۆی دەبـارەی دەڵـێ: (بـەخوێن بەکاڵا بەبالا لە بیچکەی کورد لـە رولـەی پـەری ئەچو)ئەو وشـەو دەربرینانـە بەخشـیویانە پـێـی کـە (کوردی پەتی)ن ، هەر بەوەش (گۆران) لە دەقەکانی پێشتری جیا دەکاتەوە لـە پـاڵ ئەوەشـدا بـەکار هێنـانی وشـەی (ئوفق)لـە بـری (ئاسـۆ)لەو دەقەیـدا دەبێتـە بەڵگەیـەکی تـر بەوپـێیـەی ئـەو وشـەیە وشەیەکی دیاری ناو فەرهەنگە شیعریەکەی ئەو ساڵانەی )بووە.

٤ – کێشی دەقەکە پانزە برگەییە کە کێشیکە تـەنها لـەو دەقـەی (گـۆران)دا بـەکارهاتووە واتـە لـە لالایەك داهێنانی خۆیەتیو لەلایـەکی تـرەوە تـەنها هـەر لـەو دەقـەدا بـەکاری هێنـاوە هەربۆیـە خـۆی دەربارەی دەڵێ (( من تەلسمی سك و زای شیعرم ئەویست شیعری کوردیم بـۆ سـاغ بێتـەوە))، هـەر ئەوەش هۆکاری رەت کردنەوەی بووە لەلایـەن شیعردۆستانی ئەوکاتـەی هەڵەبجـەوە چونکە ئەگـەر لەسەر کێشی (دە)برگەیی بوایە ئاسایی بوو کە پەسەندی بکەن هـەر وەك چـۆن شیعری هـەورامی و تەنانەت (سەوزە گیای پایز)ەکەی (گۆران)نیان پەسەند کردوە تەنانەت هۆی فەراموش کردنیشی لە لایـەن (پیرەمـێرد)ەوە هـەر جـۆری کێشـەکەی بـووە چـونکە دڵنیـایین لـەوەی کـە مـادام نامەکـە گەیشتووەتە (پیرە مێرد) دەبێ دەقەکەشی پێ گەیشتبێ ، ئەم دڵنیابوونەشمان لەوتێبینیەیەمانەوە بەدەست دێـنین کـە بـەو نامەیـە جـارێکی تـر (پیرەمێـرد) دەسـتی کـردەوە بـە بڵاوکردنـەوەی ئـەو دەقانـەی کـە لـە هـاوینی ١٩٣١دا (گـۆران) خـۆی دابـوی پـێـیو پـێش ئـەو نامەیـە تـەنها (شـەوێکی بەهار)و(سـەوزە گیـای پایز)ەکـەی بـۆ بڵـاوکردبووەوە و پـاش نامەکـە واتـە دوای ١٩٣٢/٤/٤ لـە ١٩٣٢/٤/٢٨ەوە تـا کۆتـایی ئـەو ساڵە (ئـەی نـەی ، سـکاڵا ، شیوەنی گوڵاڵـە، دەروێش عەبـدوڵڵا، گوڵی کەم خایەن ، بۆ روحی سالم) کە لەسەرکێشی عەروزین لە (رۆژنامەی ژیان)دا بڵاوکراونەتـەوە واتە هیچ دەقێ لەو دەقانەی کە دوای نامەکە بڵاوکراونەتەوە لەسەرکێشی برگـەیی نـەبوون تـا شك لـەوە بکـرێ کـە ئـەو دەقـەی لەگـەڵ نامەکـەدا نێـرراوە یـەکێك بـووبێ لـەو دەقانـە ، کەواتـە نامەکـە بۆخۆی (گۆران)ی هێنایەوە یادی (پیرەمێرد) کە وەك (گۆران) خۆی هەستی پێ کردووە (پیرەمێرد) تـا رادەیـەك لـە یـادی کردبـوو بۆیـە (گـۆران) لـە سـەرەتای نامەکەیـدا دەڵـێ: ((رەنگـە لەبیریشـتان

چوبێت: هاوینی رابردو ، لە دوکانی حەمەئاغای عەتار بە مولاقاتێکی بچوکتان فەیزی گەورەم چنگ کەوت، بەرانبەر بە مەلەکەی شیعرم لە چمنی تەشویقا موتەفائل دیار بوون)) .

مایەوە ئەوەی لێرەدا بڵێین بڵاونەکردنەوەی ئەو دەقەی (گۆران)کە (دیمەنێکی بەهار)ەکەیەتی لە لایەن (پیرەمێرد)ەوە ، واتای پەسەند نەکردنی گەیاندووە لە لایەن قەلەندەرێکی شیعرەوە کە ئەو کاتە (گۆران) بە (لەلە)ی شیعری نوێ داناوەو بروای تەواوی بە راکانی هەبووە( ٤٠) هەربۆیە ئەمیش تەنها ئەو جارە رووی لەو کێشە پانزەیی‌یە کردووەو جارێکی تر بەکاری نەهێناوەتەوە کە بریا وای نەکردایە.

بەم پێیە (من)ی (گۆران)ی دابراو لە (ئێمە)ی شیعردوستان نەیتوانی بەو دەقەی بچێتەوە ناو قەلەندەرخانە شیعری‌یەکەی (پیرەمێرد)و کەشێکی ئەدەبی ئارامی لێ بە بەدەست بێنیتەوە ، ناچار رووی لە گۆرینی خواستەکەی خۆی کرد تا بتوانێ لەگەڵ (ئەوان)شاعیران و شیعردۆستاندا بە تایبەتی لەگەڵ (پیرەمێرد)دا (ئێمە)یەکی نوێ پێك بێنێتەوە ئەم هەڵوێست گۆرینەشی ئاسایی بووە چونکە(( هەوڵدان لەپێناو پێك هێنانەوەی (ئێمە)دا واتە هەوڵدان لەپێناو گۆرینی بەربەست وکۆسپەکاندا بەجۆرێ کە ئامانجە نوێکانمان لە ئامانجی (ئەوان) دانەبرێن بۆیە هەندێ جار لە هەوڵەکانمادا دەگەرێینەوە سەر ئامانجی (ئەوان) هەروەك چۆن هەندێ جاریش دەتوانین گۆرانێکی کەم لە ئامانجەکانی (ئەوان) دا بکەین بەرامەر گۆرینێکی کەم لە ئامانجەکانی خۆماندا))(٤١) ، جا (گۆران)یش کە هەر لەو سەرەتایەی تەمەنە شیعری‌یەکەیدا خوێن گەرمانە هەوڵی دا بنەمای ئاوازەیی کێشە برگەیی‌یەکەش بگۆرێ بەو پەسەند نەکردنەی (پیرەمێرد) ناچار بوو کەمێك لە ئامانجەکانی خۆی بگۆرێ‌و بەرەبەرە و هێمنانە ئەو گۆرانکاری‌یە لە سیستەمی ئاوازەیی کێشە برگەیی‌یەکەدا بکات‌و سێ کێشی نوێی برگەیی بهێنێتە ناو شیعری کوردی‌یەوە کە بریتی بوون لە کێشی (پانزەیی‌ودوانزەیی‌وسیانزە)برگەیی ، ئەمە سەرباری ئاوێتەکردنی هەندێ لەو کێشە برگەیی‌یانە پێکەوەو لە یەك دەقداو ئاوێتە کردنی هەندێکی تریان بە کێشە عەروزی‌یەکەوە لە دەقێکی‌تردا کە بۆخۆیان داهێنانێکی شیعریی نوێ بوون لەناو جیهانی شیعری کوردی دا.

تێبینی‌یەکی تری گرنگ کە لێرەدا ئەو تێروانینانەی سەرەوەمان دەیخەنە بەردەستمان و راستەوخۆ پەیوەندیان بەو خواست‌وهەنگاونانەی (گۆران)ەوە هەیە بەرەو نوێخوازی ، ئەو تێبینی‌یەیە کە دەربارەی سەرەتای تەمەنە شیعری‌یەکەی (گۆران) لەلایەن خۆیەو بە رێبازی (هونەربۆهونەر)ناوی دەبات و دەڵێ : (لەسەرەتاوە بە هۆی ئەدەبی ئینگلیزی‌یەوە بە دوا نەزەریەی(هونەربۆهونەر)ئەرۆیشتم‌وبەرهەمی ئەم تەرزە ئەدەبەم ئەخوێندەوە ،وەکو هینەکانی (جۆن کیتس)و(ئوسکار وایلد.))( ٤٢)، دیارە ئێمە لێرەدا ئەو کاریگەری‌یەی ئەدەبی ئینگلیزی لەسەری رەت ناکەینەوە(٤٣)، بەڵکو دەمانەوێ ئەو راستی‌یەش بخەینە روو کە ئەو چەشنە خۆ ئاراستەکردنەی بەرەو ئەو تەرزە شیعری‌یەی کە هەرخۆی بە (شیعری رووت)ناوی دەبات‌ولە (شیعری ئامانج‌وئایدیال)جیای دەکاتەوە و بەلایەوە : ((شیعری بابەتی جوان شیعری بیرولێکدانەوی وردو رەنگین سنووری ماوەو سەردەمی بەرەڵایە لەهەمووکاتێکا لەناو هەموو بەرەو باوەرێکا پەسەندکەربۆخۆی ئەدۆزێتەوە))، هەوێنی ئەم تەرزە شیعری‌یەی لەسەرەتاوە لە جیهانە

شیعریەکەی مەولەوییەوە هەڵێنجا کە (پیرەمێرد) دەرگای چونەناوەوەی بۆکردەوە تا دەم بنێ بەو سەرچاوە ڕەسەنەوەو هەروەك خۆی دەربارەی (پیرەمێرد) دەڵێ : ((گیانی مەولەوی بە شێوەی سلێمانی ژیاندەوەکەبەمەلەهەمان کاتدا ژینێکی تازەونەمرت کردبەبەرئەم شێوەیەدا ڕێگات کردەوە بۆ تینوەکانی شیعروئەدەبی ئەم شێوەیە کە دەم بنێن بە سەرچاوەی شیعری هەرەروون وهەرەپاکی بەڵکو هەموو کوردستانەوە ))(٤٤) بەم پێیە و بەلای ئێمەوە کاریگەری مەولەوی لەسەر (گۆران) لە رووکردنە (پەیامی جوانی شیعر) ، ئەگەر لەکاریگەری ئەدەبی ئینگلیزی زیاتر نەبووبێ کەمتر نەبووە چونکە لەو قۆناغەی تەمەنە شیعرییەکەیدا وشیارانە دەرکی بەوە کردبوو کە ((ئەو پەیامو راسپێرییەش ئێمە لە هونەری شیعری رووت نەك شیعری ئامانج وئایدیال چاوەڕێی ئەکەین لەورگرتنو پر بەدڵ چەشتنی ئەم هەستە جوانە بەولاوە نییە کە مەولەوی تەنانەت لە شیعری موناسەباتیشا وا بەزاڵی و بەوەستاکاری پێمان ئەگەیێنێ))(٤٥)

دیارە ئەم چەشنە خۆئاراستەکردنەشی بەرەو ئەو تەرزە شیعرییەی کە پەیامەکەی تەنها جوانییە بە لای ئێمەوە ئاکامی خواستە نوێخوازییەکەی بووە کە ویستویەتی ببێتە دەنگێکی شیعریی جیا لە دەنگە شیعرییەکانی سەردەمەکەی بەتایبەتی لەو دەنگانەی کە لە بیستەکاندا شێخ نوری شێخ سالح رابەری دەکردنو پەیامی شیعر لەلایان پەیامێکی ئامانجدار بوو .

هەرچی دەربارەی ماوەی ئەو خۆئاراستە کردنەشیەتی ، ئەوا خۆی دەڵێ : ((بەڵام لە ١٩٣٥ بەولاوە وەدوای هاتنە ناوەوەی جووڵانەوی پێشکەوتوویی (تقدمی)وکۆمەلایەتی پاڵی پێوە ناین کە لە ئەدەبی عەرەبیوئینگلیزیشدا بە دوای نموونەی ئەدەبێکی تقدمی بگەرێین ، بەم هۆیەوە لە ١٩٣٥ بەولاوە من ئەم ڕێگەیەم گرت، وەکو لە هەڵبەستی(دیاری خوای شەر)دا دەرئەکەوێ ))(٤٦) ، دیارە ئەم خۆبینینەی (گۆران) لەو لایەنەدا راستی تێدایە بەڵام لە دوای (١٩٣٥)یشەوە بە تەواوی تاقیکردنەوە شیعرییەکانی لە پەیامی جوانی دانەماڵی و کۆمەڵێ دەقی جوانی بە هەوێنی ئەو پەیامە بڵاوکردۆتەوە ، بەم پێیە گۆڕانی تەواوی دەنگە شیعرییەکەیو گۆڕینی پەیامی شیعر لەلای لە جوانییەوە بۆ پەیامێکی سیاسیو ئایدۆلۆژی لە (١٩٥٢)ەوەو پاش پەیوەندی کردنی بە پارتی کۆمۆنیستەوە ڕەنگی بۆ ڕێژراوە .

سەرەتاش هەوێنی ئەو دەنگە تازەیەیو تۆوی ئەو پەیامە سیاسیو ئایدۆلۆژییەی دەقەکانیشی لە دوای ١٩٥٢ەوە، لە ناو ژوورەکانی بەندیخانەوە بەدەست هێنراوە ، چۆن ؟

هەر لەو ساتەی کە لە هەولێرتۆمەتی ئیختیلاسی دەخەنە پاڵو رووەو دادگا دەکرێتەوە ، (من)ی (گۆران) لەو (ئێمە)یە دادەبرێ کە لە هەولێر بۆی بووبووە کەشێکی سایکۆلۆژی ئارام بۆی ، بەتایبەتی لە رووی ئەدەبییەوە، راستی ئەم بۆچوونەمان لەو نامەیەیدا بە روونی دەردەکەوێ کە لە رۆژی ١٩٥١/١١/٦ دا بۆ (عەلائەدین سەجادی) ناردووەو تیایدا دەنگی (من)ێك دەبیسین کە دەست کورتییەکەی نەك هەر ڕەشبینو گۆشەگیری نەکردووە بەڵکو ئاسوودانە لە ژیان دەڕوانێو ئارامانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکاتو گاڵتە ئامێزانە بەسەری دەبات ، وەك لەم چەند دێرەی ئەونامەیەدا دەبینرێ : ((ئەگەر ناساغیەکەی جاری پێشوو باست کردوو هەڵامەت بووبێ سوپاست

ئەکەم ئەویش گەیشت ، سێ ڕۆژە خراپ – نەء – بڵێم باش! داومی بە زەویدا ، چونکە ئەم سێ ڕۆژەم لە سایەی ناساغیەوە بە بەرچاوتێری رابوارد ، نەوسم نەچووە سەر خوانێك نەتوانم بیکرم ،چی لەمەباشتر ئەبێ بۆ رۆژی لاتی ؟ بە هۆی گەیشتنی کتێبەکانەوە تەنگانە خەریکە بە سەر ئەچێ .... پژمین و کۆکین – باوەربکە هیی بێ تەقەورەقە !– لیێم ناگەرێ ، با پتر سەری هەردوولا نەیەشێنم ، خواتان لەگەڵ))(٤٧) .

جا هەر ئەو دەنگە هێمن و گاڵتەئامێزە کاتێ لەو (ئێمە)سایکۆلۆژیە دادەبڕێ و وەك (من)ێکی ناو (منەکان)ی بەندیخانە خۆی دەبینێتەوە ، دەگۆڕێ و دەبێتە دەنگی (من)ێکی توورە لە (ئەوان)ی دەرەوەی بەندیخانە (٤٨)، (ئەوان)ێك کە نەك هەر ( هاوڕێ وبرادەرەکانی) بەڵکو زووربەی هەرەزۆری (گەل)ەکەشی کە بەلایەوە(مۆری ناپاکییان پێوە ناوە ) دەگرتەوە ، هەر لێرەشەوەو بە سەرهەڵدانی ئەو کەشە نائارامیە (من)ی (گۆران) رووەو پێك هێنانی (ئێمە)یەکی نوێ دەبێتەوە لەگەڵ (منەکان) ی ناو بەندیخانە، بەتایبەتی لەگەڵ خەباتکەرە کۆمۆنیستەکاندا بەو پێیەی لەلایەك خودی (گۆران) خۆی هەر( لە کۆتایی سیەکانەوە کەوتبووە ژێرکاری گەری بیروباوەری چەپگەریەوە)و(٤٩) لەلایەکی ترەوە هەرزوو کۆمۆنیستەکان لەخۆیانیان نزیك خستەوەو کەشێکی سایکۆلۆژی ئەوتۆیان بۆپێکهێنا کە هەوێنەکەی خۆراگری و ورەبەرنەدان و گەشبینی بووە ، هەر ئەو کەشەش بووە هۆی ئەوەی کە جارێکی تر گەشبینانە و شۆرشگێرانە لە ژیانی ناو بەندیخانەو دنیای ئەو دیوی دەرگای بەندیخانەش بڕوانێ، هەر وەك لەو نامەیەیدا بە دی دەکرێ کە رۆژی ١٩٥١/٧/٨ لە بەندیخانەی سلێمانیەوە بۆ (گیوی موکریانی) دەنێرێ و تیایدا دەڵێ :

((رابواردنی بەندیخانەم زۆر بە دڵی خۆمە ، هۆی حەسانەوەو خوێندنەوەی تیا مشەیە ، بەڵام لەبەر ئەوەی کلك لە ژێر دەستی میریدایە ، مەعلووم نیە ئەم بارە تا کەی ئەخایێنێ ، هەرچونێك بێ منیش کەرم کۆڵەبارم سووکە ، بۆ کوێ ئەفەرموون وە چۆن ئەفەرموون ئامادەم لە خزمەتیانا بم ، بەڵام چەقچەقەی ئاشەکەم تەقەتەقی لێ نابڕێ ئەوانیش وادیارە هەر ئەو تەقەتەقەیە دەماریان ئەگرێ و لەعاستم وەك گای هار تورەیان ئەکا، منیش هەر ئەوەم لەدەست دێ هەتا بمێنم تاوتاو دەستەسری سووریان هەر پیشان ئەدەم بۆ ئەوەی لە قۆچ وەشاندن ئەکەون ...))(٥٠).

بەم شێوەیەوبە تێروانینی ئێمە دەنگی ئەنتەرناسیۆنالیزمیانەی (گۆران) لە دوای ١٩٥٢ ەوە رەنگرێژکراوی حاڵەتێکی تری لەت بوونی (ئێمە)و هەوڵدانێکی تری بووە لە پێناو رەوینەوی دۆخی (من – ئەوان)دا ، تا کۆتایی تەمەنە شیعریەکەشی وەك (من)ێکی چالاك لە ناو ئەو (ئێمە)یەدا مایەوە کە (ئێمە)ی کۆمۆنیستەکان بووە و لە ناو ئەدەبیاتی کۆمۆنیستەکان و ئەدەبیاتی مارکسی لینینیزمیشدا تا ئەمرۆ بە دەنگێکی هەرە دیاری داهێنەرو نوێخواز دادەنرێ (٥١) .

## ئەنجام

روانینە پرۆسەی داهێنان و نوێخوازی لای (گۆران) و لەو روانگە سایکۆلۆژیەوە کە لێکۆڵینەوەکەمان وەك رێبازێك گرتوویەتیە بەر ، رووبەرووی کۆمەڵێ ئەنجاممان دەکەنەوە کە تا ئێستا پەیان پێ نەبراوە یان زانستانە نەخراونەتە بەر دەست.

به تێروانینی ئێمه ، دەوڵەمەندی تەمەنە شیعرییەکەی (گۆران) ئاکامی خواستێکی دەروونی ورووژێنراوی کێشەی (من)ی گوران بووە لەگەڵ (ئەوان)ی دەورووبەریدا ، (من)ێك کە وەك هەر بلیمەتو داهێنەرێك ، بەردەوام هەوڵی پێکهێنانی (ئێمە)یەکی سایکۆلۆژی داوە تا بگونجێ لەگەڵیانداو ئارام بێت لە ناویاندا ،بە تایبەتی (ئێمە)یەك لە چێژڵ وەرگرو پەسەندکەری شیعرەکانی.

فاکتەرەکانی رووبەرووکردنەوەی (گۆران)یش لەگەڵ ئەو کێشەیەدا، لە دوو سەرچاوەوە رایەڵەکراون کە بوارە کۆمەڵایەتییەکەو بوارە ئەدەبییەکە بوون ، یەکەمیان ناوەوەی (من)ی(گوران)ی پێ دەوڵەمەندکراو دووەمیشیان رێچکەی شیعری نوێی پێ کردەوە ، هەرلە سەرەتاشەوە شوێن دەستی(پیرەمێرد)لەهەردوو بوارەکەدا راشکاوانە دەبینرێ، لە بواری یەکەمدا بروا بەخۆبوونوگەشبینی و لە بواری دوومیشدا هەوێنی رەسەنایەتی خستە بەردەست (گوران)، ئەگەرچی ئەم رۆڵە گرنگەی (پیرەمێرد)یش لە سەری لە لایەن (گۆران) خۆیەوەو لە لایەن زووربەی نووسەرانەوە شارراوەتەوە .

دەربارەی گۆرینی دەنگە شیعرییەکەشی لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوودا و دەرکەوتنی وەك دەنگێکی هەرە دیاری بیری ئەنتەرناسیونالیزمی،ئەوا بوخوی ئەمیشیان رەنگ رێژکراوی حاڵەتێکی تری رووبەروو بوونەوەی (من)ی (گۆران) بووە لەگەڵ (ئەوان) داو پێك هێنانی (ئێمە)یەکی نوێ بووە لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا ،(ئێمە)یەك کە بووبووە کەشێکی سایکۆلۆژی گونجاو بۆیو تا کۆتایی تەمەنی لێی دانە برا.

پەراویزەکان :

١- الاسس النفسيه للابداع الفني –في الشعرخاصه– الدكتور مصطفى سويف ، الطبعة الثانية، دار المعارف بمصر،١٩٥٩: ١١٥، هەروەها بروانە : الابداع فى الفن ، قاسم حسين صالح،دارالرشيد للنشر،بغداد ، ١٩٨١ :٦٦
٢- هۆراس هونەری شیعر، حمید عزیز کردوویە بە کوردی،بغداد،١٩٧٩: ٣٤
٣- قضايا فى النقد الادبى،تاليف ك.ك.روثفن،ترجمة الدكتورعبدالجبارالمطلبى،دارالشوون الثقافية،بغداد، ١٩٨٩ :١١٣
٤- گۆران،نووسین وپەخشان ووەرگێراوەکانی،ئامادەکردنی:ئومێد ئاشنا،چاپی یەکەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،٢٠٠٢ :٢٤
٥- الاسس النفسيه للابداع الفني:١١٧ ، هەروەها بروانە: خمسه مداخل الى النقد الادبى،تصنيف ولبيريس.سكوت،ترجمه د.عناد غزوان اسماعيل وجعفر صادق الخليل،دارالرشيدللنشر،بغداد،١٩٨١ :١٣٥
٦- الاسس النفسيه للابداع الفنى:١١٨
٧- سەرچاوەی پێشوو:١١٨
٨- النقد، اسس النقد الادبى الحديث،ترجمه السيده هيفا هاشم،الجزو الاول،دمشق،١٩٦٦ :٢٦٣
٩- الاسس النفسيه للابداع الفنى:١١٩
١٠-سەرچاوەی پێشوو:١٢٤
١١- سەرچاوەی پێشوو:١٢٥
١٢-سەرچاوەی پێشوو:١٢٥ هەروەها بروانە :قضايا فى التحليل النفسى،اختارها وترجمها بتصرف اميل خليل بيدس ، الطبعة الثانية، دارالافاق الجديدة ، بيروت،١٩٨١: ١٦٠
١٣-علم النفس والادب ،الدكتور سامى الدروبى ،الطبعة الثانية، دار المعارف،القاهره ،١٩٨١ :١٢٩
١٤-الاسس النفسيه للابداع الفنى : ١٣١

١٥- سەرچاوەی پێشوو : ١٣٤
١٦-سەرچاوەی پێشوو : ١٣٦
١٧-سەرچاوەی پێشوو : ١٣٨
١٨-سەرچاوەی پێشوو :١٣٨
١٩- سەرچاوەی پێشوو: ١٣٩
٢٠-سەرچاوەی پێشوو : ١٤٠
٢١- سەرچاوەی پێشوو : ١٤٠
٢٢-شعروئەدەبیاتی کوردی،رەفیق حلمی،مطبعة التعلیم العالی،اربیل١٩٨٨ :١٤٧
٢٣-گوران،نووسین وپەخشان ووەرگیراوەکانی : ٣٥
٢٤-شعروئەدەبیاتی کوردی : ١٥٠ . دەربارەی ژیانی سەردەمی منالی (گوران)سوود لە هەندی لەو زانیاریانە بینراوە کە بەریز (حەمە نوری عومەرکاکی)بوی بە دەست هینا بووین
٢٥-گوران،نووسین وپەخشان ووەرگیراوەکانی :٨٣
٢٦-گوڤاری (هاوار)ژمارە(٩)ی ٩٣٢/٩/٣٠ و ژمارەکانی دواتری
٢٧- شعروئەدەبیاتی کوردی : ١٤٨
٢٨-بروانە : رۆژنامەی (ژیان)ژمارە (٢٩٠)ی ١٩٣١/٨/٦ و ژمارە(٢٩١)ی ١٩٣١/٨/١٧
٢٩- ئاوە رەشەی روسی سور (دەست نووس)، نووسینی پیرەمیرد ، لە چاپخانەی ژیان)ی سلیمانی چاپ کراوە ١٩٤٠: ٤
٣٠ - بروانە : ئەدەبیاتی نویی کوردی ، دوکتور عیزەدین مستەفا رەسوول، چاپخانەی فیرکردنی بالا،اربیل ١٩٩٠ :٥٠
٣١ - بروانە: گوڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٥)ی ساڵی(٢٠٠١)
٣٢- دیـوانی گـۆران ، محمـدی مـەلاکریم کۆیکردۆتـەوەو ئامـادەی کردووەوپێشـەکی وپەراوێزی بـۆ نووسیوە،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق،بەغدا،١٩٨٠ : ٣
٣٣ -گوڤاری بەیان ،ژمارە(٢)یسالی ١٩٧٠
٣٤- شیعروئەدەبیاتی کوردی : ٢٠٦
٣٥- گۆران،نووسین وپەخشان ووەرگێراوەکانی :١٥٨
٣٦ پیرەمێردی نەمر،نووسینی محمد رسول (هاوار)، چاپخانەی العانی،بەغدا ، ١٩٧٠ :٨٣
٣٧- الاسس النفسیەللابداع الفنی : ١٣٤
٣٨- بروانە : رۆژنامەی (ژیان) ژمارە (٢١٩ )ی ١٩٣١/٨/١٧ و دیوانی گۆران :١٦٧
٣٩- بروانە : گوڤاری گەلاوێژ ژمارە(٥ ،٦ )ی مایس وحوزەیرانی ١٩٤١ و دیوانی گۆران : ١٦٩
٤٠ - گۆران،نووسین وپەخشان ووەرگیراوەکانی:٨٣
٤١- الاسس النفسیە للابداع الفنی : ١٢٧
٤٢- گوڤاری (بەیان)ژمارە(٢)ی سالی ١٩٧٠
٤٣- بروانە: گوران وئەدەبی ئینگلیزی،عومەرمەعروف بەرزنجی،چاپی یەکەم،چاپخانەی شڤان،سلیمانی ٢٠٠٦
٤٤-گۆران،نووسین وپەخشان ووەرگیراوەکانی :٨٥
٤٥سەرچاوەی پێشوو : ٩٣
٤٦- گوڤاری بەیان ژمارە(٢)ی ١٩٧٠
٤٧- گوران،نووسین وپەخشان ووەرگیراوەکانی: ٩٨
٤٨- دیوانی گۆران : ٢١٤
٤٩- گوڤاری بەیان ژمارە(٢)ی ١٩٧٠
٥٠- گوران،نووسین وپەخشان ووەرگیراوەکانی: ٩٩
٥١-بروانە : الواقعیە فی الادب الکردی و شعر الشاعر الکردی المعاصر عبداللە گوران و کاروانی شیعری نویی کوردی ونویکردنەوە لە شیعری کوردیدا


سەرچاوەکان :
أ- کوردی یەکان:
١- ئاوە رەشەی روسی سور، نووسینی پیرەمیرد ،لە چاپخانەی ژیان ی سلیمانی چاپ کراوە ١٩٤٠ ،(دەستنووس)
٢- ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، چاپخانەی فێرکردنی باڵا،اربیل ١٩٩٠
٣- پیرەمێردی نەمر،نووسینی محمد رسول (هاوار)، چاپخانەی العانی،بەغدا ، ١٩٧٠ :٨٣

٤- ديوانی گۆران ، محمدی مەلاكريم كۆیكردۆتەوەو ئامادەی كردووەوپێشەكی وپەراوێزی بۆ نووسيوە،چاپخانەی كۆڕی زانياری عيراق،بەغدا،١٩٨٠
٥ - شعروئەدەبياتی كوردی،رەفيق حلمی،مگبعە التعليم العالی،اربيل ١٩٨٨
٦ - كاروانی‌شيعری نويی كوردی،حەمەحەمە ئەمين قادر(كاكەی فەللاح)چاپخانەی كوری زانياری كورد،بغداد، ١٩٧٨
٧- بروانە: گوران‌وئەدەبی ئينگليزی،عومەرمەعروف بەرزنجی،چاپی يەكەم،چاپخانەی شڤان،سليمانی ٢٠٠٦
٨- گۆران،نووسين‌وپەخشـــــان‌ووەرگێراوەكانی،ئامادەكردنی:ئومێد ئاشنا،چـــــاپی يەكەم،چـــــاپخانەی پەروەردە،هەولێر،٢٠٠٢
٩-نوێكردنـــەوە لـــە شـــيعری كورديـــدا(دوای جـــەنگی جيهـــانی يەكـــەم تـــا ســـالی ١٩٧٠)،د.ئـــازاد عەبدالواحـــد كريم،چاپخانەی ئارابخا،كركوك، ٢٠٠٦
١٠هۆراس هونەری شيعر، حميد عزيز كردوويە بە كوردی،بغداد،١٩٧٩
١١-رۆژنامەی (ژيان)ژمارە (٢٩٠)ی ١٩٣١/٨/٦ و ژمارە(٢٩١)ی ١٩٣١/٨/١٧
١٢-گۆڤاری (بەيان)ژمارە(٢)ی سالی ١٩٧٠
١٣-گۆڤاری (هاوار)ژمارە(١٠)ی ٩٣٢/١٠/٢٣
١٤- گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، ژمارە (٥)ی سالَی(٢٠٠٠)
١٥- گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە(٥ ،٦ )ی مايس‌وحوزەيرانی ١٩٤١

ب- عەرەبی يەكان :
١- الاسـس النفسـية للابـداع الفنـی -فی الشعرخاصـة- الـدكتور مصـطفی سـويف ، الطبعـة الثانيـة، دار المعـارف بمصـــــــــر،١٩٥٩ -٢-
الابداع فی الفن ، قاسم حسين صالح،دارالرشيد للنشر،بغداد ، ١٩٨١
٣-خمســة مــداخل الیالنقــد الادبی،تصــنيف وليبريس.ســكوت،ترجمة د.عنــاد غــزوان اسماعيل‌ءجعفرصــادق الخليل،دارالرشيدللنشر،بغداد،١٩٨١
٤-شعرالشاعرالكردی المعاصر عبداللة كوران،تاليف حسين علی شانوف ترجمة شكورمصـطفی مطبعـة دارالجـاحظ بغداد
٥- علم النفس والادب ،الدكتور سامی الدروبی ،الطبعة الثانية، دار المعارف،القاهرة ،١٩٨١
٦- قضايا فی النقد الادبی ، ئاليف ك.ك.روثفن ،ترجمة الدكتور عبدالجبار المطلبی ،دارالشوون الثقافية ، بغداد ، ١٩٨٩
٧- النقد، اسس النقد الادبی الحديث،ترجمة السيدة هيفا هاشم،الجزء الاول،دمشق،١٩٦٦
٨- الواقعية فی الادب الكردی ، د.عزالدين مصطفی رسول ، صيدا،١٩٦٦

## گۆران

## داهێنان‌و نوێخوازی

## لێكۆڵينەوەيەكی سايكۆلۆژی

### كورتەی لێكۆڵينەوەكە

ئەم لێكۆڵينەوەيە هەوڵی داوە لە روانگەيەكی سايكۆلۆژی‌يەوە لە پرۆسەی داهێنان‌ونوێخوازی لە لای (گۆران)ی شاعير وەك كەسێكی بليمەت‌و داهێنەر بروانێ‌و بە دوای وەڵامی ئەو پرسيارانەدا بگەرێ كە دەربارەی بوارەكانی داهێنان‌ونوێخوازی لە تاقيكردنەوە شيعری‌يەكانيدا تا ئێستا وەڵام نەدراونەتەوە ، بەپێی ئەو ئامانجەش لێكۆڵينەوەكە لە سێ بەشدا ئەنجام دراوە

لە بەشی يەكەدا كە بە ناونيشانی (چەمكی داهێنان)ە، لە روانگەيەكی سايكۆلۆژی‌يەوە لە پرۆسەی

داهێنان‌ونوێخوازی بە گشتی‌و لە بواری شیعرییدا بەتایبەتی روانراوە تا ئەو راستیانەی تیا گەڵاڵە بکرێن کە دەبنە زەمینەی لێکۆڵینەوەکە لە دووبەشەکەی تردا

لە بەشی دووەمیشدا کە ناونیشانەکەی(گۆرانی داهێنەر)ە ، بە دوای ئەو بنەما سایکۆلۆژیانەدا گەراوین کە (گۆران)یان بەرەو داهێنان ئاراستە کردووە

بەشی سێیەمیش کە ناونیشانەکەی (گۆرانی نوێخواز)ە ، تەرخان کراوە بۆ ئاوردانەوە لەو هەولانەی کە گۆران لەبواری نوێخوازیدا ناویەتی

لە کۆتایشدا بە چڕی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە خراوەتە بەدەست.


# Abstract

## Goran

## Creativity and Modernism : A Psychological Study

*This study is an attempt to understand what the poet Goran meant by creativity and modernism , from a psychological perspective.*

*Through that , the study seeks to answer the questions addressing the fields of creativity and modernism in Goran's poetic experience; questions that have not been answered so far . Accordingly the study is divided into three chapters :*

*The first chapter which is entitled " The Concept of Creativity" , deals , from a psychological perspective , with the process of creativity and modernisim , in general , and in particular with the poetic aspects so that the facts can be highlighted to pave the way for the next two chapters .*

*The second chapter, entitled " Goran the creater " , seeks to discover the psychological principles that inspired Goran with creativity .*

*The third chapter , entitled " Goran the Modernist " is dedicated to shed light on the attempts Goran has mad in the field of modernism .*

*Finally , based on the study conclusions are drawn .*


## گوران الابداع و التجديد

## دراسة نفسية

**خلاصه الدراسة ( البحث ) :**

تحاول هذه الدراسة ان تبحث بمنظار نفسي عن الابداع و التجديد عند گوران كشاعر عبقري و مبدع ٠ و تجيب عن الاسئلة غير المجابة و المثارة حول مجالات الابداع و التجديد في تجاربه الشعرية ٠ ووفق هذا الهدف و الغاية تمت هذه الدراسة في ثلاثة فصول ٠

في الفصل الاول الذي ورد تحت عنوان ( مفهوم الابداع ) ٠ بحث بمنظار نفسي مشروع الابداع و التجديد عموما ووجودهما في المجال الشعري خصوصاً حتى تُهيَا فيه الحقائق التي تكون أرضية للبحث في الفصلين الاخرين ٠

و في الفصل الثاني الذي ورد تحت عنوان ( گوران المبدع ) بحثنا عن الاسس النفسية التي دفعت گوران نحو الابداع و الابتكار ٠

أما الفصل الثالث الذي ورد تحت عنوان ( گوران المجدد ) فقد خُصص للجهود التي بذلها گوران في مجال التجديد ٠

ووضعت نتائج البحث و الدراسة بصورة مكثفة في الخاتمة ٠